دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە٦٩٨،سێشەممە١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی،٤ی ئاوریلی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com


- ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران به بۆنەی ٧٠ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد ل٢
- کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات سپاسنامەیەکی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە ل٢



حەسەن شەرەفی: سڵاو لە ڕاسان سڵاو لە شەهیدانی ڕاسان ٤



سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە پێناو خۆشبژێویدا ٧



کورد و تراژیدییەک بە نێوی ژیان و ڕزگاری ٨



شانۆیەکی درۆزنانە ١٠

# حیزبی دێموکرات لە ڕێبازی پێشەوادا هەنگاو دەنێت







لە٧٠ەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیدا، خەڵکی کوردستان پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێباز و ئامانجەکانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان نوێ کردەوە.

هەر بەو بۆنەیەوە، ڕۆژی پێنجشەممە کاتژمێر ٩ی بەیانی ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و میوانان و بنەماڵەی شەهیدان بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە لە برگەی یەکەمدا بە ڕێژەی نیزامیی پێکهاتوو لە چوار دەستەی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لاوان، ژنان و دەورەی سەرەتایی، بەرەو گڵکۆی شەهیدان دەستی پێکرد و لە سەر گڵکۆی شەهیدان دوو سروود لەژێر ناوەکانی "ئەی شەهیدان" و "مەڕێژن بۆم فرمێسکی خەم" لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە پێشکەش کران.

دوابەدوای ئەوە، بەڕێز "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و خاتوو "هێرۆ جەڵدیانی" هاوسەری شەهید "چەکۆ ڕەحیمی" تاجەگوڵینەی ڕێز و وەفادارییان لە سەر گڵکۆی شەهیدان دانا.

پاشان پیشانگای وێنەی شەهیدان لە لایەن بەڕێز "مستەفا هیجری" و خاتوو "نەرمین خزری" هاوسەری شەهید "کەماڵ خزری" شەهیدی ڕاسان، بە ڕووی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەدا کرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە و لە ساڵۆنی گشتیی ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە بە پێشکەشکردنی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی چەند ساتێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستانەوە بەڕێز "حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

بەڕێز شەرەفی لە بەشێکی قسەکانیدا ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە: "قازی محەممەد ئەگەرچی کەسایەتییەکی ئایینی بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا کەسێکی نەتەوەیی و دێموکرات بوو کە لەو سەردەمەدا کۆمارێکی بە مۆدێڕنترین بیری پێشکەوتوانە و دێموکراتیك پێك هینا و ناوی ژێکاف و حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و پێشەوا ئاوێتەی یەکتر بوون".

بەڕێز شەرەفی هەروەها باسی لەوە کرد کە: "کۆمار و پێشەوا بۆ کورد چەندین سەمبولی وەك سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب، ناوی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستانی بە یادگار بەجێهێشت کە ئەمڕۆ نەك هەر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان ڕەمزی نەتەوەیی کوردن و پیرۆزیی خۆیان پاراستووە".

هەروەها جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە درێژەدا ڕایگەیاند: "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك یادگاری پێشەوا و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بە سەربڵیندییەوە لە ڕێبازی پێشەوادا هەنگاو دەنێت و بە بوونی زەرفیەتی خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەم و ئاڵوگۆڕەکان و بۆ وەدیهێنانەوەی ئامانجەکانی کۆمار لە تێکۆشاندایە، بێگومان تێچووی ئەو خەباتەش هەرچەند گران بێ بە فیداکاریی تێکۆشەرانی و تەنانەت گیان بەخشینی ئەوان ئەدا دەکا".

دواتر سرودێك لەژێر ناوی "شەهید" لە لایەن کۆڕی مووزیکی حیزبەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

پاشان پەخشانێك لە لایەن شاعیری پێشمەرگە مامۆستا "بێبەش" لەژێر ناوی "پەپوولە" پێشکەش کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەش کردنی سروودێك لە لایەن هونەرمەند "غولام فاتحی"یەوە لەژێر ناوی "قازی محەممەد" کۆتایی پێهات.

شایانی باسە لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، بە چالاکیی جۆراوجۆر یادی شەهیدانی کوردستان کرایەوە.

## پەیڤ

### شەهیدان مەشخەڵانی ڕاسانی گەلن

**کەریم پەرویزی**

گەلێک ئازادیی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا. ئەمە وانەیەکی گرانبەهای دوکتور قاسملووی نەمرە کە خۆی لە پێناوی ئازادیی گەلدا گەورەترین نرخەکەی دا.

لەوەتەی نەتەوەی کورد دەیەوێ ئیرادەی ئازادیی نەتەوەیی خۆی بسەلمێنێ و داهاتوویەکی گەش و ئازاد بونیات بنێ، لەپێناویشیدا قوربانیی داوە و نرخەکەی پێشکەش دەکا. شەهید بوون لەو ڕێگایەدا، گەورەترین نرخە کە تاکێک بە ئاگاییەوە و بە بڕواوە، گرنگترین و پڕنرخترین سەرمایەی واتە گیانی دەخاتە سەردەست و بەوپەڕی خۆنەویستییەوە تای تەرازووی نرخەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی قورستر و ڕێگای سەربەرزی ڕەنگینتر دەکا.

شەهیدبوون لەم ڕێبازە پیرۆزەدا بریتی نیە لە ڕق و بێزاری بەرانبەر بە ژیان و بڵاوکردنەوەی نەفرەت و کین لە نێو جیهاندا، بەڵکوو شەهیدبوون مانای پێشکەشی و نرخدان دەدا تاکوو نەوەیەکی دیکە ئاسوودە بژیت و مەرگی سەربەرزانە بەسەر زیندوو مانەوەیەکی سەرشۆڕانەدا هەڵ دەبژێرێ.ئەو کاتەی کە سەرۆک کۆماری یەکەم کۆمار لە مێژووی کوردستان و کورددا، دەکەوێتە نێو چەند ڕێیانەی هەڵبژاردنەوە، بە شانازییەوە دەچێتە پای سێدارە، چوونکە دەزانێ زیندوو مانەوە بریتییە لە سووکایەتی بە مێژوو و کەرامەتی نەتەوەیەک و شەهیدبوون بریتییە لە تێزانی خوێن بە دەمارەکانی خەباتی مێژووی کورددا بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری و بەختەوەری.

پێشەوای گەل شەهیدبوون هەڵدەبژێرێ نەک زیندوو مانەوەی سەرشۆڕانە و نەک مردنێکی ساڵانی دیکە لە پەنا و پەسێواندا کە کەس وەبیری نەیەتەوە و بە گومناوی سەر بنێتەوە. شەهیدبوون لەم ڕوانگەیەدا درێژەی ژیانە، بەڵام پڕ واتاتر و بە دەنگدانەوەی زۆر زۆرترەوە لە ئێستا و داهاتوودا.

ڕوانگە و بیرکردنەوەی وەها هەیە کە ژیانی ئێستای لە لا پڕە لە درۆ و گەندەڵی و خراپەکاری و دڵێ کە ئەم ژیانە و ئەم جیهانە دەبێ لە نێو بچێ و بسووتێندرێ و لە ژیان و جیهانی داهاتوو یان دیکەدا شتێکی باش چاوەڕوانیمان بکا. لەو ڕوانگانەوە شەهیدبوون بریتییە لە سووتاندنی ژیان و هەڵبژاردنی مەرگ.

ڕوانگەی وەهاش هەیە کە ئەم ژیانەی بە هەموو کەموکوڕییەکانەوە پێ باشترە لە نەمان و مردن و دوای هەموو هەوڵ و تێکۆشانێک، دڵێ کە مانەوە باشترە لە مردن، لەو ڕوانگەیەدا کۆتایی خەبات بە تەسلیمبوون دەگا.بەڵام لە ڕوانگەی مەکتەبی قازی، قاسملوو و شەرفەکەندیدا شەهیدبوون بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگایەک و پێشکەش کردنی گەورەترین نرخ بۆ ڕازاندنەوەی ژیان و خەبات و

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵ (١٣٩٦ی هەتاوی) ٧٠ ساڵ بەسەر شەهیدکرانی پێشەوای کورد قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان تێپەڕ دەبێ، پێشەوایەک کە بۆنیادنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرێنەری یەکەم کیانی کوردی لە شکڵی کۆماری لە بەشێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، دوو دیاردە کە لە ڕەوتی خەباتی کورد بۆ گەیشتنی بە ئاواتەکانیدا گرینگ و خاڵی وەرچەرخانی مێژووی کوردبوون بەرەو سەرهەڵدانەوە و سەردەمی بوون.

قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی ساڵی ١٢٧٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٠٠ی زایینی لە شاری مهاباد لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و خاوەن فەرهەنگدا لەدایک بوو و لە تەمەنی ٧ ساڵی ژیانیدا خوێندن و فێربوون دەستپێدەکا وپێبەپێی چوونە سەری تەمەنی، پلەکانی خوێندنیش لە بواری زانستە جۆراوجۆرەکاندا دەبڕێ و، هەر لە تەمەنی لاوەتیدا جگە لە زمانی فارسی لە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی و ڕووسیشدا شارەزایی وەدەست دێنێ. هەر بۆیەش دوای کۆچی دوایی باوکی دەبێتە قازی شاری مهاباد و لەو ئەرکەدا بەشێوەیەک عادڵانە و دادپەروەرانە هەڵسووکەوت دەکا کە دەبێتە جێگای متمانە و بڕواپێبوونی لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە. ئەو ناو و ناوبانگە کاتێک گەشەی کرد و پتر پەرەی گرت کە سەرۆکایەتی ئیدارەکانی فەرهەنگی ئەوکات و پەروەردەی ئێستا و ئەوقافی وەئەستۆ گرت و لە گرینگیدان بە کاروباری کۆمەڵایەتی و هاندانی خەڵک بۆ لای زانست و خوێندن و فێربوون بە هەموو تواناوە تێکۆشا. لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی پێشەوا بەهێزبوونی بیری ئازادیخوازی و نیشتمان خۆشەویستی و کوردپەروەری تێکەڵ بە بانگەشەکانی بۆ رزگاری نەتەوەی کورد و ڕێزدانان بۆ مافەکانی مرۆڤ بوو. هەر ئەو هەست و باوەڕەش هانیدا کە ئەندامەتی کۆمەڵەی (ژکاف) کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاویدا دامەزرابوو، قەبووڵ بکا و گەشەی پێ بدا و پاش سێ ساڵ لە دامەزراندنی لە سەر بنەمای تەشکیلاتی ئەو ڕێکخراوەیە بە ناوێک و نێوەرۆکێکی سەردەمیانەتر و دێموکراتیتر حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دامەزراند. لێرەوە و لەسەر باوەڕەکانی حیزبی دێموکرات و بە هەوڵی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە و بەکەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی مێژوویی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و هەلومەرجی تایبەتی لە بەشێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەنگاوی بەرەو وەدیهێنانی ئاواتی کورد و ئارمانەکانی خۆی هەڵگرت و لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا یەکەم حکوومەتی کوردی لە شکڵی کۆماریدا ڕاگەیاند و وەک پێشەوای کورد و کۆمار ناودێر کرا. ئیدی لێرەوە ناوی ژکاف و حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و پێشەوا ئاوێتەی یەکتر بوون.

دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بۆ نەتەوەی کورد ئەویش لە ماوەی تەنیا ١١ مانگ تەمەنی ئەو کۆمارەدا ئەوەندە گرنگ و بەنرخ بوون کە مێژووی کورد و مرۆڤایەتی شانازییان پێوەدەکا و هونەر و لێهاتوویی پێشەوا قازی محەممەد لە بەدیهێنانیان لە کۆمەڵگایەکی کوردەواری ٧٠ ساڵ لەوە پێش نیشان دەدا کە چۆن توانیویەتی ئەمنییەت و پێکهێنانی کەش و هەوایەکی پڕ لە تەبایی لە کۆمەڵگایەکی عەشیرەتی پڕ جیاوازییدا دەستەبەر بکا و هەمووان لەژێر ئاڵای کوردستان و لە پێناو ئامانجی کورددا کۆ بکاتەوە.کۆماری کوردستان وەک دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی کوردی لە ناوچەیەکی پاشکەوتووی ئەو سەردەم و، دژایەتی وڵاتانی ناوچە لەگەڵ ئەو کۆمارە ساوایە و، بەربەرەکانێی زلهێزەکانی ئەو کات لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانیاندا، دەرەتانی درێژەدانی بە تەمەنی ئەو کۆمارە نەدا و پیلانی داڕێژراو بۆ جوانەمەرگ کردنی بە هۆی هێزی نیزامی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران بەڕێوەچوو.پاش لە نێوبردنی کۆماری کوردستان، پیشەوا قازی محەممەد، حەمە حوسێن خان سەیفی قازی و ئەبولقاسم سەدری قازی لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاویدا لە شاری مهاباد لە گۆرەپانی چوارچرا شوێنی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە دار دران و شەهید کران. دواتریش پۆلێکی دیکە لە بەرپرسانی کۆمار لە دار دران، دیارە پێش لەو ئیعدامانەش ژمارەیەک لە کاربەدەستانی حیزبی دێموکرات و کۆمار زیندانی کرا بوون، بەم چەشنە تەمەنی کۆمار بەداخەوە کۆتایی پێ هێندرا، بەڵام ئەوەی لە کۆمار و پێشەوا بۆ کورد بەجێما حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و سەمبولەکانی ئەوان وەک سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب، ناوی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان بوو کە ئەمڕۆ نەک هەر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان ڕەمزی نەتەوەیی کوردن و پیرۆزیی خۆیان پاراستووە، بە تایبەت کە ئاڵای کۆمار بەفەرمی لە پارچەیەکی ڕزگار کراوی کوردستاندا دەشەکێتەوە و پێشمەرگە بە فیداکاری و خۆڕاگری لە بەرانبەر داگیرکەران و تێرۆریستانی دەوڵەتی و نادەوڵەتیدا ناو و ناوبانگی جیهانیی دەرکردووە و، سروودی ئەی ڕەقیب لە بۆنە ڕەسمییەکاندا دەگوترێتەوە. حیزبەکەی پێشەواش دوای حەفتا ساڵ تێکۆشان و قوربانیدان لەپێناو وەدەستهێنانەوەی دەسکەوتەکانی کۆمار و دابین بوونی ماف و ئازادییەکانی کورد لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام دایە دژ بە دەسەڵاتی تاران، دەسەڵاتێک کە دژ بە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوایەتی و یەکسانی ژن و پیاو و، ناتەبا لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدایە و لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا لە هەموو شێوەکانی ڕەوای ئەو خەباتە کەڵک وەردەگرێ، شکڵی بەرچاوی ئێستای ئەو خەباتە لە ڕاسانی خورهەڵاتدا خۆی دەبینێتەوە کە لە دو ساڵی ڕابردوودا لە پێناو لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ هاتووتە ئاراوە و دڵگەرمی و هیوایەکی تازەی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەخشیوە و، ورە و وزەیەکی نوێی لە تێکۆشەرانی دێموکراتدا پێکهێناوە.بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یادگاری پێشەوا و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بە سەربڵێندییەوە لەڕێبازی پێشەوادا هەنگاو دەنێ و بە بوونی زەرفیەتی خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەم و ئاڵوگۆڕەکان و بۆ وەدیهێنانەوەی ئامانجەکانی کۆمار لە تێکۆشاندایە، بێگومان تێچووی ئەو خەباتەش هەرچەند گران بێ بە فیداکاری تێکۆشەرانی و تەنانەت گیان بەخشینی ئەوان ئەدا دەکا.لە ٧٠ ساڵەی شەهید کرانی پێشەوا قازی محەممەددا ئەوەی پێوەندی بە وەزعی کورد بەگشتی هەیە، ئەوەیە کە خەباتی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان هاوکات لەئارادایە و کورد وەک نەتەوەیەکی لە ماف و ئازادی بێبەش کراو، لە بیروڕای گشتیی جیهاندا بە پێچەوانەی ئەوەی کە دوژمنان بە نارەوا و نادروست ناساندبوویان ئێستا بە ڕەوایی و بە دروستی، دێموکرات بوون و ئاشتیخوازی و وێکهەڵکردن و باوەڕمەند بوون بەمافەکانی مرۆڤی سەلماندووە و، بە خەبات و تایبەتمەندییە ئینسانییەکانیەوە جێگە و پێگەیەکی تایبەتی لە بیروڕای گشتی جهیاندا بۆخۆی دەستەبەر کردووە. لە ٧٠ ساڵەی شەهید کرانی پێشەوای کورد و کۆمار، قازی محەممەددا، وەک حیزبی یادگاری پێشەوا جارێکی دیکە پێ لەسەر ئامانجە نەتەوەییەکانی و بەردەوامیی خەبات تا سەر و تا سەرکەوتن دادەگرینەوە و بە پشتیوانی و بەشداریی بەرینی تێکۆشەرانی نەتەوەیی کورد و سیاسەتی درووست و فیداکاریی تێکۆشەرانی دێموکرات پشت ئەستورین و، بەمجۆرە گیانی پاکی پێشەوا و هەموو شەهیدانی کوردستان شاد و ڕازی دەکەین. ڕوحی پێشەوای نەمر و هەموو شەهیدان شاد بێرێبازیان پڕ ڕێبوار بێسەرکەوتن و بەئامانج گەیشتن بۆ کورد و ڕزگاری بۆ کوردستان بە ئاوات دەخوازین

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی
٢٨ی مارسی ٢٠١٧ی زایینی

## کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات سپاسنامەیەکی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە

بەبۆنەی بەڕێوەبردنی پڕشکۆی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز لەلایەن خەڵکی دەروەستی کوردستانەوە، کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سپاسنامەیەکی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە:

هەوری لەملان و جامانە لەشانەکانی نیشتمان

خەڵکی خەباتکاری کوردستان

ئۆگرانی ئازادی و نەورۆز

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە جەژنی نەورۆزی کۆن و ساڵی نوێدا وێڕای جەژنەپیرۆزە و هیوای سەرکەوتنی خەبات و گەیشتن بە ئاواتەکانتان، سپاس و پێزانینی لەهەمبەر هەوڵەکانتان بۆ وەڵامی بانگەوازی شەش ڕەوتی سیاسیی کوردستانی ئێران، وێڕایان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرانبەر بوێری و ئازایەتیتان، سەرەڕای هەڕەشە و بەربەست و ئاستەنگەکانی کۆماری سەرکوتی تاران، دەردەبڕێ و شانازی دەکات کە ئێوەن پاڵپشتی ڕۆڵەکانی شاختان و هێزی بزوێنەری خەباتی شارتان.

ئەکمەلی و گەڕیان و سێ پێییتان، مەشخەڵانی ئاور و قریوەی شادیتان، دروشمی بڕوا بە سەرکەوتن و بوێریتان، دڵنیامان دەکاتەوە لە سەرکەوتن، پیرۆز بێ نەورۆز هێمای سەرکەوتن و ئازادیتان.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی
دێموکراتی کوردستانی ئێران
نەورۆزی ٢٧١٧ی کوردی

## خەڵکی کوردستان بەبۆنەی نەورۆزەوە چالاکی بەرینی تەبلیغیان بەڕێوە برد

قارەمانانی دێموکرات لە شاری بۆکان بە بۆنەی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێ، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری بۆکان بە بۆنەی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێ چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکییانەدا بە نوسینی دروشم لە ناوچە جیاجیاکانی شار پشتیوانیی خۆیان لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەربڕی. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوەچووە بریتین لە: "ناوچەی عەلی ئاباد، پارک و شەقامەکانی کوی ئەندیشە، سەر ڕێگای زانکۆی پەیامی نوور واتە بێهزیستی، سی متری مەجبورئاوا و ڕووبەڕوی سایپا یەدەکی شمارە یەک".هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی تەوریوەر سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و تراکت و پۆستێری تایبەت بە نەورۆز و هەروەها وێنەی ڕێبەرانی شەهیدیان بڵاو کردەوە.

## ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنی لە شاری نۆدشە پیرۆزبایی نەورۆزیان لە حیزبی دێموکرات کرد

تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری نۆدشە بە بۆنەی نەورۆزەوە پیرۆزباییان لە حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان کرد.تەشکیلاتی نهێنیی تێکۆشەر و قارەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە شاری "نۆدشە"، بە بۆنەی هاتنی جێژنی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی گەرمترین و ڕازاوەترین پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی هەموو گەلی کورد، بە تایبەت بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی، لە سکرتێری گشتی "مستەفا هیجری" و کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی خەبات و تێکوشان و لە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران و ئەویندارانی ئازادی و بە تایبەت بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ڕاسان کردووە و نەورۆزیان لێ پیرۆز کردوون و جامانەکەیان لە مل کردوون.هەروەها ئەندامانی نهێنیی و قارەمانی دێموکرات سەری ڕێز و نەوازشیان بۆ هەموو ئەو تێکوشانە دانەواندووە و ڕایانگەیاندووە؛ ئێمەش هاوسوێندین و لەگەڵتانین تا دوا هەناسە.

جارێکی دیکە ساڵی نوێ لە هەموو گەلی کورد پیرۆز بێت.

ئاسمانی جوانی ژینتان هەروا گەشاوە بێتبە هیواین ئەم بەهارە ببێتە جوانترین ئاوازی شادی بۆ ژیانی هەموو گەلی کورد

سڵاو بو کورد و کوردستان

نەمان بو ڕێژیمی جمهوریی نا ئیسلامی

تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران ـ شاری نۆدشە

## دەستەوەستانیی بەرپرسانی ڕێژیم بەرانبەر یەکگرتوویی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە تەنگیسەر



خەڵکی بوێر و قارەمانی کوردستان بۆ پیرۆزکردنی جێژنی نەورۆز بەردەوام چالاکیی تەبلیغی و ڕێوڕەسم بەڕێوە دەبەن.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی، ئەویندارانی نیشتمان و ڕێبازی دێموکرات ڕوویان کردە تەنگیسەری مەکۆی دێموکرات و مەزنترین کەرنەڤاڵ و نەورۆزی جامانەکانیان لە تەنگیسەر، سەنگەری لە گیران نەهاتووی کوردایەتی بەڕێوە برد. بە بەشداریی زیاتر لە هەزاران کەس لە شارەکانی: مەهاباد، مەریوان، بانە، پاوە، سنە، کامیاران، تاران، کرماشان و کوردانی خۆراسان و زۆربەی گوندەکانی دوور و نزیکی تەنگیسەر، جێژنی نەتەوەیی نەورۆز بە شکۆیەکی مەزنەوە لە تەنگیسەر بەڕێوە چوو.

پاش چەندین جار ڕێگری کردنی فەرمانداریی ڕێژیم، ئیدارەی ئیتلاعات و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و هەڕەشە و گوڕەشە کردنیان لە بەڕێوەچوونی نەورۆز، بەڵام خەڵکی نیشتمان پەروەری تەنگیسەر، وەک هەمیشە کۆڵیان نەدا و بە سەما پێ کردنی هەزاران جامانە و پۆشینی جل و بەرگی ڕەسەنی کوردی نیشانیان دا کە هەر تاکێکی دەروەستی کورد پێشمەرگەیەکە و ڕۆڵەی ڕۆژی تەنگانەیە.

لاوان و بە تایبەت کچان جامانەیان لە ملیان کردبوو و بەو شێوەیە وەفا و ئەمەگی خۆیان بۆ خوێنی شەهیدان و ڕێبازی دێموکرات دووپات کردەوە.

لەو ڕێوڕەسمەی جێژنی نەورۆزدا سەمای جامانەکان بە ڕادەیەک بەرچاو بوو کە فەرمانداری سنە، بەخشداری سیروان، سەرۆکی نیرووی ئینتزامیی سنە و چەندین بەرپرسی دیکەی ڕێژیم کە بێ دەعوەت و بانگهێشت سەردانی تەنگیسەریان کردبوو، پاش تووڕە بوون و بێدەرەتانی و دەستەوەستانییان لە بەرانبەر شەپۆلانی جامانەکاندا، بە سەر شۆڕییەوە تەنگیسەریان بەجێهێشت.

بژی کوردستان
بژی تەنگیسەری خۆڕاگر
پیرۆز بێ نەورۆزی جامانەکان
پیرۆز بێ گرێدانی خەباتی شار و شاخ و ڕاسانی خۆرهەڵات.

## لە دزەی مەرگەوەڕ و قەڵاوارێی سەرپێڵ پەیمانی وەفاداری لەگەڵ شەهیدان نوێ کرایەوە

لە بەرەبەرەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستاندا، لە دزەی مەرگەوەڕی سەر بە شاری ورمێ و قەڵاوارێی سەر بە شاری سەرپێڵ، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەربڵاوی تەبلیغاتی، پەیمانی وەفاداری لەگەڵ شەهیدانی حیزب و گەل نوێ کرایەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارەدێی دزەی مەرگەوەڕ، بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان و پەیمان نوێ کردنەوە لەگەڵیان، چالاکی بەرینی تەبلیغاتیان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییەدا ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدان لە گوڕستانی شارەدێی دزە کە بە دەیان شەهیدی سوورخەڵاتی حیزب و گەلی لە ئامێز گرتووە، لەسەر گڵکۆی هەر شەهیدێک ئاڵایەکی کوردستان و ئاڵایەکی سوور بە نیشانەی خوێنی سووری شەهیدانیان هەڵداوە.


هاوکات لەگەڵ هەڵدانی ئاڵا لەسر گڵکۆی شەهیدان، چەندین وێنەی تایبەت بە ڕێبەرانی شەهید قازی، قاسملوو و شەرەفکەندییان کێشاوەتەوە و لافیتە و دروشمی تایبەت بە بەردەوامیی ڕێبازی شەهیدانیان لە نێو و دەرەوەی ئەو گۆڕستانە هەڵواسیبوو.

ئەو چالاکییەی ڕێبوارانی ڕێبازی پڕ سەروەریی شەهیدان بووە هۆی دڵخۆشیی خەڵکی ناوچە و پاشان خەڵکی دزەی مەرگەوەڕ و گوندەکانی دەوروبەری، بۆ دیتنی دیمەنە ڕازاوەکانی گۆڕستان شەهیدان بە ئاڵای کوردستان، سەردانی مەزاری شەهیدانیان کرد و بە گرتنی وێنە و فیلمی جۆراوجۆر، پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ شەهیدانی خۆیان نوێ کردەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دزەی مەرگەوەڕ ڕایگەیاند کە، سپای پاسداران و بەکرێگیراوانی تا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، گۆڕستانی دزەیان گەمارۆ دابوو و نەیاندەوێرا بڕۆنە ژوورەوە و ئاڵاکان لەسر گڵکۆی شەهیدان هەڵگرن، تا دواجار بە دانی بڕێکی کەم پارە چەند منداڵێکیان ناردە ژوورەوە و ئالاکانیان لەسەر گڵکۆی شەهیدان لا برد.

هەر لەو پەیوەندییەدا و لە بەرەبەرەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستاندا، ڕێبوارانی ڕێگەی شەهیدان لە گوندی قەڵاوارێ سەر بە شاری سەرپێڵ، بە نووسینی دروشمی تایبەت بەو ڕۆژە، پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ شەهیدانی خۆیان نوێ کردەوە.

## وەڵامی نەوشیراون مستەفا بۆ پرسەنامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران



بەڕێز کاک مستەفای هیجری
بە سوپاسەوە پرسەنامەکەتانم پێ گەیشت کە بە بۆنەی کۆچی دوایی شۆعلەی هاوسەرم ناردبوتان. لە خوای پەروەردگار داواکارم ئێوە سەلامەت و تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بن.

لەگەڵ ڕێزی
نەوشیراون مستەفا
٢٠١٧ /٢٣/٣

## سێمینارێکی زانستی لە سەر کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد بەڕێوەچوو

بەمەبەستی ڕێزگرتن لە کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد و دەور و کاریگەرییانی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، سێمینارێکی زانستی لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو.
سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی، بۆ یادی ٧٠ساڵەی لەسێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد، لەبارەگای لقی ٤ی پارتی دێموکراتی کوردستان کۆڕێک بۆ بەڕێزان د. کەیوان ئازاد ئەنوەر مامۆستای زانکۆ و، بەڕێز کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهات.
سەرەتا دوکتور کەیوان ئازاد باسەکەی خۆی لەسەر کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و ڕۆڵی بەرزی پێشەوا لە ڕێبەری کردنی کۆماری کوردستان و دەوری کەسایەتییە ناسراو و دیارەکانی پارچەکانی تری کوردستان بە تایبەتی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی قسەی کرد.دواتر کەریم پەرویزی باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر کەسایەتی و دەوری پێشەوا قازی و هەروەها گیانبازیی پێشەوا وەک نموونەی گیانفیدایی و بەخت کردنی گیان لە پێناو خۆشیی نەوەکانی داهاتوو لە چەند ڕەهەندەوە باس کرد.

## ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەرز ڕاگیرا

ڕێوڕەسمی ١٠ خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لە بنکەی ناوەندی ٣ی کوردستان و لە سێ بڕگەی جیاوازدا بەڕێوەچوو.
ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی لە ساڵۆنی گشتیی ناوەندی ٣ی کوردستان و بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و ئەندامان و بنەماڵەی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو.
سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.
دواتر پەیامی ڕێوڕەسمەکە لە لایەن "کەریم قەڵاتی" ئەندام ناوەند و بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی ناوەندی ٣ی کوردستان خوێندرایەوە.
پاشان مامۆستا "بێبەش" پەخشانێکی لەژێر ناوی "پەپوولەکان" پێشکەش کرد.
لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی لاوان، ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن "ڤیان قادری" خوێندرایەوە.
دواتر سروودێک لەژێر ناوی "قازی محەممەد" لە لایەن هونەرمەند "غولام فاتحی"پێشکەش کرا.
هەروەها شێعرێک لەژێر ناوی "خەوا شیرین" لە لایەن پێشمەرگە "حیکمەت نەبی زادە" خوێندرایەوە.
پاشان "شایان خزری" شێعرێکی لەژێر ناوی "شەهید" پێشکەش کرد.
لەبڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، بەشداربوان بەمەبەستی ڕێزگرتن لە شەهیدان، سەردانی گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێمۆکراتیان لە جێژنیکان کرد.
لەو بڕگەیەدا تاجەگوڵینەیەک لە لایەن "سەدیق دەرویشی"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و "بەهار خۆشمیر زادە" هاوسەری شەهید "جەماڵ ئیسماعیلی" شەهیدی ڕاسان، لە سەر گڵکۆی شەهید "قادر کەریمی" دانرا.
لە بڕگەی سێهەمی ڕێوڕەسمەکەدا، پیشانگای وێنەی شەهیدانی ناوەندی ٣ کە پێکهاتبوو لە وێنەی شەهیدانی کۆمیتە شارستانەکانی، شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، ئورمیە، سەڵماس، خۆی و ماکۆ کە لە لایەن "ماریا قوربانی" هاوسەری شەهید "لوقمان شێخانی" و "گزینگ حاجی پوور" کچی شەهید "قادر" کرایەوە.

## بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغی لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە شاری سنە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.
تێکۆشەرانی دێموکرات لە پارکی ئاویەر، ئەمیرییە، گەڕەکی غەفوور و شارەکی کەشاوەرز، تراکت و پۆستێری تایبەت بە ١٠ی خاکەلێوەیان بڵاو کردەوە و پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری بۆکان، بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لە "پشت سی متری، مەکتبی قورعان، پۆمپی بێنزینی "حبیب زادە" و باسکۆڵی "ئیلخانی زادە" و لە خیابانی سەردار عەزیز خانی موکری واتە مەجبورئاوا" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
تێکۆشەرانی دێموکرات لە مێرئاوای شاری سنە بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستانەوە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە شاری مەهاباد بە بونەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، شەوەکانی یەکشەممە لە سەر دووشەممە و شەوی دووشەممە لە سەر سێشەممە ڕێکەوتی ٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی کار و چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە بریتی بوون لە: "سێ ڕای هەمزاوا، ورورودیی تاقەدار، شەقامی فەرهەنگیان، شەقامی موکریان، باغی سمایل ئاغا، فەلەکەی مەحموودکان، شەقامی زانکۆی پەیامی نوور، تەپەی قازی، زەمینەکانی شارەداری، شەقامی گۆڕستانی پێشەوا و هاوڕێکانی، شەقامی بیمارستان، باغی شایەگان، بەری مەدرەسە و بەری شیلانان".
ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری شنۆ بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە لە گوندەکانی "سەرگیز و باڵاگیر" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە "سەرپێڵی زەهاو"، و بۆ یادی شەهیدانی ڕاسان بەتایبەت شەهید مامۆستا "سەرکەوت سەمەدی" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە لە "سیاناو"ی مەریوان چالاکیی تەبلیغییان بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستانەوە بەڕێوە برد.
ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شاری بۆکان بۆ چەندەمین جار لە ڕۆژانی ڕابردوودا چالاکییان بەڕیوە برد و لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا گڵکۆی شەهیدانی ناوچەی ئەحمەد کۆڕیان بە جامانە ڕازاندەوە.
ئەندامان و دڵسۆزانی حیزب لە شاری کامیارانیش بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت و بە نووسینی دروشم لەم شوێنانەی شاری کامیاران یادی ١٠ی خاکەلێوەیان بەرز ڕاگرت: "دەبیرستانەکانی ئۆستاد شەهریار، مۆعەلم، ڕازی، زەینەبیە، فاتمەی زەهرا، فجر، ڕەستگاران، هۆنەرستانی خاڕەزمی، ئاموزش و پەڕوەڕشی قەدیم و دەوروبەڕی، مزگەوتەکانی حەزرەتی عایشە، محەممەد ڕەسوڵڵا و دەوروبەڕی، ئیمامی شافیعی، خۆمەینی، حوسێنی، باشگای تەختی و دەوروبەری، بیمارستانی سینا، ١٢میتریی تەوحید، کۆڵانەکانی شارەکی بێعسەت، کۆڵانەکانی کامێرانەکۆن و زۆربەی کۆڵانەکانی نێوشار".
بەپێی دوا هەواڵەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ناوچەی پیرانشار چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان لە دۆڵی شەهید لە پشتی ئاوایی قروچاوێی ناوچەی لاجانی پیرانشار و دوای پەیمان نوێ کردنەوە، لەسەر کێلی هەر شەهیدێک جامانەیەکیان دانا.
لە تەنگیسەری هەمیشە دێموکرات یادی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان کرایەوە و ڕێز لەو ڕۆژە گیرا و هەر بەو بۆنەوە تێکۆشەران و ئەندامانی نهێنیی حیزب پەیامی هاوخەمی و هاوسۆزییان بۆ شەهیدانی ڕاسان نارد و بەڵێنیان دا تا بەدی هاتنی ئامانجەکانی شەهیدان درێژە دەری ڕێگایان بن، و لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا هیوای هەرچێ باشتر بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٦ی حیزبیان بە ئاوات خواست و ساڵی تازەیان لە هەموو پێشمەرگەکانی حیزب بە تایبەت پێشمەرگەکانی شاخ پیرۆزبایی کرد.
هەروەها لە ئاوایی سەرهوویە لە ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان ئەندامانی حیزب بەشێوەیەکی بەرچاو تراکتە پێوەندیدارەکان بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستانیان بڵاو کردەوە و ڕێزیان لە یادی ٧٠ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی گرت.
ڕێبوارانی ڕێبازی قازی و وەفاداران بە ڕێبازی پێشەوا بە ئامادەبوون لە گۆڕستانی شەهیدانی شەبەک لە شاروێرانی مەهابادیش وەفاداریی خۆیان جارێکی تر سەلماند و پەیمانیان لەگەڵ نوێ کردنەوە.
تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقز بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لە گوندی "پارسانیان" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
هەروەها لە نێوشار لە گەڕەکەکەنی "ساحێلی، شەهرەکی دانشگا، سەرچەم، شیوی جووتیاران و ٣٢میتری" تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە.
قارەمانانی دێموکرات بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە نێوشاری سنە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و لەو چالاکییانەدا دروشمیان لە دار و دیواری شەقام و کۆڵانەکان نووسیوەتەوە.
ئەو دروشمانە بریتی بوون لە؛ "سڵاو لە ڕێبەرانی شەهید قازی قاسملوو و شەرفکەندی، سڵاو لە پێشەوا سەرقافڵەی شەهیدان".
ئەو شوێنانە چالاکیی تێدا ئەنجام دراوە بریتین لە؛ :کانیدووشەم، گەڕەکی ئاغەزەمان، بەردەشت، سپووڕئاوا، گەلەخان، خیابانی سیرووس، تەپەی بەهارمەست، پیرمحەممەد، بەهاران، حاجیئاوا و فەننی موهەندیسی".
تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری شنۆ بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لە گوندەکانی "قەزەناوێ، خاڵتاوێ، پرداوێ، قوروشاوێ و نەرزیوێ" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
قارەمانانی دێموکرات بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە ڕۆژانی ڕابردووشدا سەڕەڕای گوشارە ئەمنییەتییە توندەکانی ڕێژیم، لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و لەو چالاکییانەدا دروشمیان لە دار و دیواری شەقام و کۆڵانەکان نووسیوەتەوە.
پێشەوا قازی لە دادگا فەرمایشییەکانی ڕێژیمی شادا، بە ورە و زۆر ئازایانە بەرگریی لە خۆی و کۆماری کوردستان و هەروەها مافی نەتەوایەتیی گەلەکەی کرد و کاربەدەستانی نیزامیی دادگا هەوڵی زۆریان دا کە قازی محەممەد ناچار بکەن پەشیمانی دەرببڕێت، بەڵام پێشەوا قازی ئازایانە دادگا فەرمایشییەکەی بە چۆکدا هێنا.
ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی، پێشەوا قازی و سەیف و سەدری قازی لە بەناو دادگاکانی ڕێژیمی شاهەنشاهیدا حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپا و لەبەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، لەمەیدانی چوارچرای مەهاباد، ئەو شوێنەی کە کۆماری تێدا ڕاگەیەندرابوو، لەسێدارە دران.
پاش چەندین ساڵ، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەکوو ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کرا.




## بەکرێگیراوێکی ڕێژیم سزا درا




یەکێک لە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئێران لە شاری پیرانشار سەر بە پارێزگای ورمێ لە لایەن کەسانی نەناسراو بە سزا گەیشت.
بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان شەوی سێشەممە ڕێکەوتی ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی، بەکرێگیراوێکی ڕێژیمی ئێران بە ناوی "شۆڕش قادری" ناسراو بە شۆڕشی محەممەد ڕەشە لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە بە چەک هێرشی کرایە سەر.
بەپێی ڕاپۆرتەکان ئەو کاسەلێسەی ڕێژیمی ئێران لە شەقامی ٢٤ی میتریی پیرانشار هێرشی کراوەتەوە سەر و بە توندی بریندار بووە و بۆ یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ گوازراوەتەوە.
هەر بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان ئەو کەسە یەکێک لە مۆرە بەدناوەکانی ڕێژیم لە شاری پیرانشار بووە کە پلەی فەرماندەیی یگانی شناسایی و زەربەتی پیرانشاری هەبووە.
بەپێی زانیارییەکان ناوبراو یەکێک لەو خۆفرۆشانە بوو کە پاش دەسپێکی قۆناغی نوێی خەبات ناسراو بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە چەندین لاوە بێ ڕێزی بە پێشمەرگەی کوردستان کردبوو؛ تەنانەت لە گەرتەیەکی ویدیۆییدا هەڕەشەی لەو کەسانە کردبوو کە هاوکاری هێزی پێشمەرگە دەکەن.پێشتریش چەندین دژەگەلی سەر بە ڕێژیم کە زۆربەیان پلەداری سپای تێرۆریستی پاسداران بوون لەلایەن هەڵۆکانی زاگرۆسەوە بەسزای کردەوە دژە ئینسانییەکانیان گەیشتن؛ هەڵۆکانی زاگرۆس ڕایانگەیاندووە کە هێزی چەکداری چالاکی خۆیان بە پاڵپشتی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەزانن و پشتیوانی لە خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کاسبکاردەکەن و ناهێڵین تاوانی سەرکوت و تاڵان و ڕاووڕوت لە کوردستان لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان بێ وەڵام بمێنێتەوە.

### درێژەی پەیڤ

بەو کردەوە بەرزە ئینسانیەوە کە لەوپەڕی ئاگایی و وشیاری و بڕواوە سەرچاوە دەگرێ، شەهیدبوون دەبێ بە مەشخەڵانی ڕێگا. ڕێگایەکی پڕ سەروەری بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئارمانەکان، کە بە هەلپەرستی و بە خۆ ویستی و بە تەسلیمبوون بە ئاکام ناگا، بەڵکوو دەبێ نرخی لەپێناودا بدرێ و بەردەوام ڕێگا ڕووناک بکرێتەوە تاکوو ڕێبازی ڕاستەقینەی ژیان و خەبات نەشێوندرێ و تارمایی سەر نەخرێ. بۆیە دوکتور قاسملووی نەمر دەڵێ؛ باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە. لە ئێستا و داهاتووشدا شەهیدان مەشخەڵانی ڕێبازی ڕاستەقینە و پڕسەروەریی سەلماندنی بوون و ئیرادەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازین کە ئەم ڕێبازە بە ڕاسانی گەل درێژەی دەبێ و گیانی شەهید ڕووناکی دەبەخشێتە ڕێگاکە.

## حەسەن شەرەفی:

# سڵاو لە ڕاسان سڵاو لە شەهیدانی ڕاسان



ئا: سارا پارسا

بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان، خوشک و برایانی ئازیز، ئەوڕۆ ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی، وەک ڕۆژی شەهیدان، ٧٠هەمین ساڵی ئەو زامەیە کە کەوتووەتە سەر جەستەی نەتەوەی کورد لە ساڵی ١٣٢٦هەتاویدا، و لەو ماوەیە و هەتا ئێستاش ئەو برینە بە سوێیە و ئەو زامە لە سەر دڵی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەر بەژانە، چوونکە لەو ڕۆژەدا، پێشەوای کورد، نەمر قازی محەممەد، لەگەڵ هاوڕێیانی لەسێدارە دران، قازی محەممەد کێ بوو؟ کەسایەتییەکی ئایینی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بوو. کەسێک بوو کە لە علوومی ئایینی و لە کاروباری دینیدا دەستێکی باڵا و نەقشێکی ئەساسی هەبوو، لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا وەکوو قازیی شارێک بە عەداڵەت و ئینساف ناوی دەرکردبوو، لە کاروباری فەرهەنگیدا وەک سەرۆکی دەزگای فەرهەنگی و پەروەردەی ئەوڕۆ دەوری ئەساسیی لە هاندانی ڕۆڵەکانی کورد و لە ڕۆڵەکانی کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردەواری بەرەو خوێندن، بەرەو زانست هەبوو، نەک تەنیا زانستی ئایینی، زۆر زیاتر، زانستی جۆراوجۆری سەردەم، لە پەنا ئەوانەش نەتەوەپەروەر و نیشتمان پەروەرێکی ناودار بوو، ئەو کەسایەتییەکی ئایینی بوو، بەڵام قەد هەستە ئایینیەکەی بەسەر هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەرەستیەکەیدا زاڵ نەکرد، بەپێچەوانە لە نفووزی خۆی لە نفووزی ئایینی، لە نفووزی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، لە هەموان بۆ پەرەپێدانی هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوە خۆشەویستی کەڵکی وەرگرت، ئەو ئەندامی کۆمەڵەی "ژێ کاف" بوو، ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و تا ڕادەیەک ئایینی، بەڵام دامەزرێنەری حیزبێکی نەتەوەیی دێموکراتیک بوو، دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو، کە تەماشا دەکەین ئەندامی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی ـئایینی، لە لایەن کەسایەتییەکی ئایینیەوە، لەسەر بناغەی ئەو ڕێکخراوەیە لە باری تەشکیلاتییەوە، حیزبێکی نەتەوەیی ـدێموکراتیک دادەمەزرێنێ، نیشان دەدات باوەڕی ئەو کەسایەتییە ئایینیە بە گرنگیدان بە نەتەوە و مافی نەتەوایەتی و دێموکراسی بوو، کەنگێ؟ ٧٠ ساڵ لەوە پێش. قازی محەممەد کەسێکی بەمشوور، هەلومەرجناس و کەسێک بوو کە هەموو زانستی خۆی، کە بەرتەسک نەدەبووەوە لە زانستی ئایینیدا و زانستەکانی دیکەشی لەخۆ گرتبوو، دەکار کرد و توانی لە ناسینی هەلومەرجدا کۆماری کوردستان و کیانێکی کوردی دابمەزرێنێ لە بەشێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، و بۆ یەکەم جار دەسەڵات و کیانێکی کوردی لە چوارچێوەیەکی مۆدێرندا بهێنێتە کایەوە، کەوابوو ئەو دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات پێکهێنەری کۆماری کوردستانە، ئەو دوو دیاردەیە، ٧٠ ساڵ لەوە پێش لە کۆمەڵگایەکی ناپێشکەوتوودا و لە کۆمەڵگایەکی عەشیرەتیدا دەرخەری لێهاتوویی و لێزانی ئەو هەلومەرجناسەیە، بەو مانایەی کە لەو دەرفەتەی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە ناوچەی موکریان پێکهات، بەوەخت کەڵکی وەرگرت و دەشیزانی کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی ئەگەر نەڵێم بە تەواوی، تا ڕادەیەکی زۆر عەشیرەتیی پڕ لە کێشە و گرفتە و دەشیزانی بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان تەبایی و یەکڕەنگی و یەکریزیی میللەتی کورد پێویستە، بۆیە لەو کۆمەڵگا پڕ جیاوازییە عەشیرەتیەدا هونەرێکی بەکار هێنا کە بەو هونەرەی خۆی هەمووی بە هەموو جیاوازی و ئیختلافاتەکانییەوە لە دەوری ئاڵای کۆمار کۆ کردەوە. دەسکەوتەکانی کۆمار زۆرن، لە زۆر موناسبەتدا باسیان کردووە، من لێرە ئاماژەیان پێ ناکەمەوە، بەڵام لەو ڕۆژەوە ئەندامی کۆمەڵەی ژێ کاف، دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات و پێکهێنەری کۆماری کوردستان بوو، ناوی کۆمەڵەی ژێ کاف ناوی حیزبی دێموکرات ناوی پێشەوا ئاوێتەی یەکتر بوون، باس لە هەرکامیان دەکەین ئەوانی دیکە لەبەر چاو و لەبەر زێهندا زەق دەبنەوە و دەبینرێن. پێشەوا پێکهێنەری دوو دیاردە بوو، حیزبی دێموکرات و کۆماری دێموکراتیکی کوردستان کە لەو سەردەمەدا و لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا حیزبی وا و کۆماری وا دەگمەن بوو، هەموو ئەوانە ئەو گەورەییە نیشان دەدا، بەڵام سیاسەت و بەرژەوەندیی زلهێزەکان چاوی تەمەحیان لە ئێران بڕیبوو و بەرژەوەندییەکانیان لە ئێران و وەرگرتنی ئیمتیازاتێک لە ئێران وای کرد کە چاوی دیتنی ئەو کۆمارەیان نەبێ و ئەو کۆمارەیان ڕووخاند، جوانەمەرگیان کرد، و لە ڕۆژی ١٠ خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦دا دامەزرێنەری حیزب و سەرۆکی کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لە دار دران، کۆمار نەما، بەڵام چی بۆ بەجێهێشتین؟ حیزبی دێموکراتی بۆ بەجێهێشتین، بیر و باوەڕەکان و دەسکەوتەکانی بۆ بەجێهێشتین کە بەشێکیان وەک سەمبۆل ئەوڕۆ بوونە بەشێک لە ناسنەمەی کورد، سروودی نەتەوایەتی، لەهەر موناسەبەتێکدا دەیبیستین و دەخوێندرێتەوە، ئاڵای کوردستان، لە هەموو شوێنێکی کوردستان و لە هەر جێیەک دەرەتانی هەڵدانی هەبێت دەشەکێتەوە، ناوی پێشمەرگە، ئێستا لە بەرەکانی شەڕدا قارمانییەتی و فیداکاری و حەماسە خوڵقێنی پێشمەرگە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، یان لانیکەم لە زۆربەی پارچەکانی کوردستان، بوونە ناسنەمەی نەک کورد لە پارچەیەک، کورد بە گشتی، ئاوات و ئامانجەکانی کۆماری بۆ بەجێهێشتین. کە لەو ٧٠ساڵەدا حیزبی پێشەوا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەباتدایە بۆ بەدی هێنانەوەی دەسکەوتەکانی ئەو کۆمارە و بۆ بەدی هێنانەوەی ئاواتەکانی کورد، لە هەموو ئەو ٧٠ساڵەدا حیزبی پێشەوا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەباتی ڕەوا، بەردەوامە لەسەر ڕێبازی پێشەوا، بەردەوامە بۆ بەدەست هێنانەوەی ئەو دەسکەوتانە و ئەو مافانە، و نموودی ئەو خەباتە و خۆڕاگریی حیزبی پێشەوا لەو دوو ساڵەدا لە شێوەیەک لە خەبات لە ڕاساندا خۆی دەبینێتەوە و خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، ڕاسان گرێدانی خەباتیی شاخ و شار، یا باشترە بڵێین، شار و شاخ. ئەو ڕاسانە کە ئەوڕۆ دوژمنی تاساندووە، ورەی داوە بە خەڵکی کوردستان، ئۆمێدی داوە بە کۆمەڵانی خەڵک، و وزەی بەخشیوە بە تێکۆشەرانی دێموکرات، بووژانەوە و سەرهەڵدانەوەی ڕیشەکەی لە مێژووی ئەو حیزبەدایە. حیزبی دێموکرات لە شاخ دانەمەزراوە بچێتەوە شار فەعالییەت بکات، کۆماری کوردستان لە شاخ دانەمەزراوە لە شار دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، لە شاردا دامەزراون لە شاردا فەعالییەتیان هەبووە، بەڵام پاش ڕووخانی کۆمار کە مان و مەوجوودییەتی تێکۆشەرانی دێموکرات لە مەترسی دەکەوێت، سەنگری تێکۆشەرانی دێموکرات شاخە، تێکۆشەری نێو ئەو سەنگەرە پێشمەرگەیە، کە لەو سەنگەرەشدا فیداکاری کراوە، قارمانییەتی نیشان دراوە، حەماسە خوڵقێندراوە و ئێستاش پێشمەرگە هەر لەو سەنگەرەدایە بۆ حیفزی مان و مەوجوودییەتی خۆی لە چوار چێوەی ڕاساندا، بۆ پشتیوانی لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە شارەکان و ئەو خەباتە بێجگە لە داخوازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بێجگە لە دیاریی حیزبی پێشەوا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ورە و قارمانییەتی پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە، هیچ کەسێکی دیکە و هیچ لایەنی دیکە نە داهێنەرییەتی، نە هاندەرییەتی، نە پێشتیوانییەتی، ڕەنگە لە دوارۆژدا هەبێ، بەڵام بەرهەمی ویستی خەڵک، بەرهەمی ئیرادەی حیزبی دێموکرات، و فیداکاری پێشمەرگەیە. سڵاو لە ڕاسان سڵاو لە شەهیدانی ڕاسان. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئێستا لە ڕێگایەکی زۆر هەستیاری مێژووییدا ژیان بەسەر دەبات، چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕ لەو ناوچەیەدا دەکرێت، وەزعی کوردیش بە گشتی لە جاران لەبارترە ئەگەر جاران کورد لە پارچەیەک خەباتی هەبوو، لە پارچەیەک بە هۆکارێک بێدەنگ بوو، ئێستا لە هەر چوار پارچەی کوردستان خەبات لە گۆڕێدایە لە ئەشکالی جۆراوجۆردا و بە پێی سیاسەتێک کە ئەحزابی هەر پارچەیەک پێڕەوی دەکەن. ئەگەر جاران کورد لە ئەفکاری گشتیدا لە زاری دوژمنانی کوردەوە بە خەرابکار و بە تێکدەر و بە شەڕخواز دەناسرا، ئەوڕۆ کورد بە کاری خۆی و بە بۆچوونی خۆی و بە کردەوەکانی، بەو شێوە کە ڕاستە و بەو شێوە کە واقێعییەتی هەیە خۆی بە دنیای دەرەوە ناساندووە، کە ئێستا نە ئاڵای کوردستان لە هێچ جێگایەک بێگانەیە، نە ناوی پێشمەرگە لە هیچ جێگایەک بێگانەیە، نە سروودی نەتەوایەتیی کورد بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵکی دنیا بێگانەیە. بێجگە لەوە ڕاست لەو کاتەدا کە کورد خۆی باش دەرخستووە، دوژمنانی کورد بارودۆخیان لە بار نییە، ئەوە لە سووریە کە بارودۆخی بەو شێوەیە، ئەوە لە عێراق کە بارودۆخی بەو شێوەیە، ئەوە لە ئێران و ئەوە لە تورکیە. دەرفەتێکی باشە، بەڵام کە کورد پشتیوانی هەیە پیشتیوانەکە زۆرتر لە خەباتی دژی تیرۆریزمیەتی، لە دەست و چەکیەتی، کارناسی نیزامی بۆ بێت، چەکی بدەیە، ئیمکاناتی بدەیە، بۆ خۆی شتێکی باشە، بەڵام یەک شت پێویستە، کورد دەبێ هەوڵ بدات ئەو پشتیوانییە لە خەباتی لە شەڕی دژی تێرۆڕی کورد هەڵگەڕێنێتەوە بۆ خەبات بۆ مافەکانی، ئیدی ئەگەر کورد گوتی ڕێفراندۆم نەڵێن نە، ئەگەر گوتی سەربەخۆیی نەڵێن وەحدەتی خاکی فلان وڵات، و ئەوە مەسەلەیەکی گرینگە. لە پەنای ئەوانەدا، ئەگەر بڵێین ئەو خاڵە بەهێزانە بۆ بزووتنەوەی کورد هەیە، خاڵی بێهێزیشی هەیە، یەک نەگرتوویی کورد بە تێکڕا. دوو، یەک نەگرتوویی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستانیش، لەو ئاڵوگۆڕانەی کە دێنە پێش، ئەگەر نەرێنی بن، مەنفی بن، یەک گرتوویی کورد دەتوانێت خۆڕاگری زیاتر پیشان بدات، ئەگەر ئەرێنی بین، موسبەت بن، دەرفەت بن، یەکگرتوویی کورد دەتوانێت زۆرتر ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە. بۆیە هەر چی ئەو کەلێنانە زیاتر دەبن و هەرچی بەرەو یەکگرتوویی کەمتر چوون هەبێ، زەمینەی دەخاڵەت و دەستێوەردانی دوژمنانیش چ بە زاهێر لە قاڵبی دۆستایەتی و لایەنگریدا، چ ڕاستەوخۆ لە قاڵبی دوژمنایەتیدا زیاتر دەبێ، و دەبێ ئەوەش بزانین کوردی هەر پارچەیەک ئەوەی بزانێ کە دۆستی کورد هەر کوردە نەک نەیارەکانی، تەنانەت نەک دنیای دەرەوەش ئەگەر بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندیی کورد و خەباتی کورد یەک نەگرێتەوە، بۆیە ئەساسیترین شت بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکان بۆ خۆڕاگری لە بەرانبەر ڕووداوە ناڵەبارەکان تەنیا یەکگرتوویی و بەیەکەوە بوونی کوردە. کە بەداخەوە کەم تەجرۆبە کراوە، زۆرتر ڕەوتی دابڕان و ڕەوتی لێک دوورکەوتنەوە پەیڕۆ کراوە. لەو موناسەبەتەدا و لە ڕۆژی شەهیداندا، لە ٧٠ساڵەی شەهید بوونی پێشەوای نەمردا پێویستە ئەو وەسیەتەی وی وەبیر بێنینەوە، دیفاعیاتەکانی، وەسیەتەکانی، هەموو پێمان دەڵێن لە بەرانبەر دوژمندا چۆن ڕاوەستین، لە نێو خۆماندا چۆن قایم و یەکگرتوو بین، ئۆمێدەوارم موناسەبەتی ٧٠ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا کە موناسەبەتێکی تاڵە، بە لەبەرچاو گرتنی وەسیەتەکانی پێشەوا، بیکەینە موناسەبەتێکی شیرین، ئەوەندەی مەربووت بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و تا ئێستا پێڕەویمان کردووە، قەت پێوەندییەکمان لەگەڵ وڵاتێکی داگیرکەری پارچەیەکی دیکەی کوردستان نەبووە کە زیان بە کوردی ئەو پارچەیە بگەیەنێت، ئۆمێدەوارم ئەوانیش بتوانن ئەو ئیدعایە بکەن، قەت لە هیچ شوێنێک و وڵاتێکی دەرەکی دەرەوەی کوردستان، ئەوەندەی لەگەڵ نەچووینە پێشێ کە ڕێگای گەڕانەوەمان بۆ نەبێ یان زەمینەی دەستێوەردان لە کاروباری ئەو حیزبەمان بۆ ڕەخساندبێ، ئەوانە شانازین بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەزانم ڕۆحی پێشەواش و ڕۆحی هەموو شەهیدانیش لەو سیاسەتە شاد دەکات، چوونکە ڕاست ئەوەیە کە پێشەوا لە وەسیەتەکانیدا وەک ڕاسپاردە بۆمانی بەجێ هێشتووە، لەو موناسەبەتەدا ڕەنگە بەرنامەی دیکەش هەبێت من وتەکانم بەوە کورت دەکەمەوە کە؛ ئاواتی سەرکەوتن بۆ کورد بە گشتی، ئاواتی سەرکەوتن بۆ حیزبی دێموکرات کە لە واقێعدا ئەهرۆمی بەهێز کردنی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، و ئاواتم ئەوەیە بە کردەوەی خۆمان ڕۆحی پێشەوا و هەموو شەهیدانی تا ئەوڕۆ و ڕاسان شاد بکەین. هیوادارم خەباتەکەمان هەرچەند دوور و درێژیش بێت، کە ناچارین نرخەکەی بدەین، ئەویش خوێن و گیانی ئازیزترین و خۆشەویسترین کەسەکانمانە، کە ئامادەشین ئەو نرخە بدەین، هەرچەند تاڵ و گران، بەڵام هیوادارم مەودای ئەو خەباتە تا سەرکەوتن کورت بێت و ڕێژەی شەهیدان و لەدەستدانی ئازیزانمان هەرچی زیاتر کەمتر بێت.

سڵاو بۆ گیانی پاکی پێشەوای کورد قازی محەممەد و هاوڕێیانی کە لە١٠ ی خاکەلێوە لە دار دران، و بۆ ئەوانەی کە لە حەوتەکانی دواتری دوای ئێعدامی پێشەوادا لە شارەکانی دیکەی کوردستان لە دار دران، شاد بێ ڕۆحی هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە لەو ٧٠ساڵەیدا چ زەجری زیندانیان چێشت، چ مەرگی ئازیزانیان دیت، و ئی شەهیدان، ئۆمێدەوارم سەرکەوتووبین لە پێوانی ئەو ڕێگایە تا سەرکەوتن، هیوادارم لەهەر دەرفەتێک کە بێتە پێش بە سیاسەتی خۆمان بە واقێعبینی، بە وردبینی، بە دوور لە عەسەبییەت و بە دوور لە هەر شتێک، چ لەگەڵ پارچەکانی دیکە، چ لەگەڵ هەر هێز و ڕێکخراوێکی کوردی، چ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هیوادارم ڕۆژێک بێت ئەو مەراسمانە لەسەر گۆڕ و مەزاری پێشەوا و باقی شەهیدەکانمان بەڕێوە بەرین. سەرکەوتوو بن

# خەباتی چەکداریی نوێ (ڕاسان) لە تێئۆری و پراتیکدا

**تەیفوور بەتحایی**

ماوەی ساڵێکە جووڵانەوەیەکی چەکداریی تازە لە ڕۆژهەڵات ڕاگەیەندراوە. لەم یەکساڵەدا زۆر لێی گەڕاوم کە تئۆریی ئەم جووڵانەوە بە نووسراوە یان بە گوتار لە شوێنێکەوە ببینم یان ببیسم. چوونکە من بۆ خۆم پێم وایە لە ئێرانی ئەوڕۆدا کاتی خەباتی چەکداری هاتووە. بەڵام ئەوەی سەبارەت بە ڕاسان گوتراوە و نووسراوە یان پێداهەڵگوتنە، یان ڕەخنە و پەندە، یا خود دروشمە و پەیوەندی بە تئۆرییەوە نییە. هەموو جارێکیش دەگوترێ کە ئەمە درێژەی خەباتی حەفتا ساڵەیە کە ماوەیەک بە هۆی بەرجەوەندیی باشوورەوە پشووی دابوو. نێوەکەشی دەرخەری ئەو بۆچوونەیە.

من هەر لێرەوە دەست پێدەکەم و دەمەوێ بڵێم ئەمە ناتوانێ درێژەی ئەو بەرگرییە چەکدارییەی بێ کە دوای شۆڕشی ٥٧ ی ئێران دەستی پێکرد و هەتا نێوقەدی شەستەکان درێژەی هەبوو.

جیاوازییەکان ئەمانەن:

پێشوو:

_ ئەوکات لە ئێران شۆڕش کرابوو و تان و پۆی سیستم تێکچووبوو.

_ خەڵک کە دوای شۆڕش بە تەمای ئازادی بوون، هەستیان بە مەغموومی دەکرد و چەک هەڵگرتنیش ئاسان بوو. زۆر جار ئەوە حێزبەکان بوون بە دوای خەڵک دەکەوتن.

_ گوندەکان ئازاد بوون و حیزبەکان حاکمی ناوچە بوون.

_ دیالکتیکی بەرگریی چەکداری و وتووێژ لە گەڵ هێزی پەڵپ بەستووی ناوەندی دەکرا و نەدەبوو وەکوو شێوەیەکی تاکتیک کەڵکی لێ وەرگیرێ.

_ هێزەکانی کوردستان هێشتا ناکۆکییان لە نێواندا نەگەییشتبووە ڕادەی تێکهەڵچوون.

_ شەڕی ئێران و عێراق وەکوو فاکتەرێکی دیاریکەر لە نێواندا بوو و هەموو هێزەکان لەو دژبەرەکییە کەڵکیان وەردەگرت.

ئێستا:

_ هیچکام لەو هەلومەرجانەی کە لە سەرەوە باسکرا نەماوە. فەزای ئینقلابی ئەوکات و بێسەرەوبەرەیی هێزی حاکم نەماوە. ئێران بووەتە یەکێک لە هێزە سەقامگرتووە دڕندەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

_ خەڵک ئەو گوڕوتینەی نییە و بەشی هەرە زۆری بە هۆی دژواریی بژیوی ژیانەوە بە چۆکدا هاتووە و لەگەڵ هەلومەرجەکەدا خۆی گونجاندووە.

_ یەک بست خاکی ئازاد بەدەست هێزەکانی کوردستانەوە نییە و لەبەر دانانی جاش، گوندەکان زیاتر جێگای مەترسین هەتا پەناگا.

_ وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم بارەها بەتاقی کراوەتەوە و بێکەڵک بوونی مسۆگەر بووە.

_ هێزەکانی کوردستان نەتەنیا شەڕیان لە نێواندا قەوما و ئەو برینە کەم و زۆر هەر ماوە، بەڵکوو لە ڕادەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردی ئەو زەماندا، هاودەنگییان نییە.

_ شەڕی ئێران و عێراق نەتەنیا نەماوە، بەڵکوو عێراق و تا ڕادەیەک باشووریش لە ژێر ڕکێفی جمهوری ئیسلامیی ئێراندایە.

_ ئەو ئیمکاناتەی پێشوو)چەک و پارە( لەبەردەستدا نییە.

کەوابوو، جووڵانەوەی تازە خەباتی چەکداریی نوێیە و لە سەرەتاوە دەست پێدەکا و نیازی بە تئۆرییەکی تازەیە و ئەوانەی کۆن هیچی لەگەڵ ئەم هەلومەرجەی ئێستادا نایەتەوە.

تئۆری، ستراتێژی، تاکتیک

بۆ دیاریکردنی پێویستیی خەباتی چەکداری لەم کاتەدا ئەم چەند شتە دەبێ بە شێنەیی دیاری بکرێ:

تئۆری:

_ لێکدانەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، حکومەت و کۆمەڵگای کوردستان

_ دەستنیشان کردنی زەرورەتی خەباتی چەکداری

_ شیکردنەوە و قۆناغبەندیی ئەم خەباتە. بۆ کوێ دەچێ، چۆن دەچێ و بە کوێ دەگا؟ )ئامانج(

ستراتێژی:

_ هەبوونی دروشمی ڕوون کە دیاریکەری ئامانج بێ. بۆ نموونە، کاتی خۆی کە هێزەکانی دژبەری جمهوری ئیسلامی هیچ دروشمیان نەبوو، دروشمی خودموختاری بوو بە دروشمی خەڵک و ئامرازێک بۆ بەرەنگاری. بەڵام ئەوە ئێستا نەتەنیا خەڵک کۆ ناکاتەوە، بێزاریشیان دەکا. من پێم وایە فێدراڵییش هەر وایە. کێشەی کورد و کوردستان بووەتە کێشەی نێونەتەوەیی. هێزی پێشکەوتنخواز دەبێ دروشمی پێشکەوتووی هەبێ. ئەگەر نەتەوەین یان بەشێک لە نەتەوەین لە سەربەخۆیی کەمتر وەڵامی ئەو هەموو بەهادانە نییە و خەڵکی شۆڕشگێڕ پێی ڕازی نابێ.

_ لێکدانەوەی هێزەکانی خۆیی و دوژمن. توانایی فکری، نیزامی، تەشکیلاتی. دەبێ دیاری بکرێ شوێنی لاوازی ڕژیم کامەیە کە لەوێ بدرێ. بۆ نموونە سی ساڵە هەموو هێزەکان هەر خەریک لەقاودانی توند وتیژییەکانی ڕێژیمن. ئەمە بەئاکام گەییشت تا ئەو جێگا کە زۆربەی وڵاتانی دنیا ڕێژیمیان بایکوت کرد و ڕێکخراوی مافی مرۆڤیش پەیتا پەیتا ئیدانەیان دەکا. بەڵام ڕێژیم لە شوێنی خۆیەتی. ئەمە نیشان دەدا کە ئەوە خاڵی لاوازی نییە.

_ دیاریکردنی پشتیوان. مەبەست پشتیوانی کارا بە تایبەت لەنێو خەڵکدا، نەک دڵخۆشکردن بە چوار وشەی فلان وەزیر یان نوێنەری پارلێمانی ئورووپا.

_ قۆناغبەندی و زەمانبەندیی ئەو قۆناغانە.

_ پێشبینیی ئەگەری شکست لە قۆناغەکاندا.

_ دانانی پێگەی لێکدانەوە دوای هەر قۆناغ.

_ ئامادەکاری بۆ دوای گەییشتن بە ئاخر قۆناغ. بۆ نموونە دوای ڕووخانی ڕێژیم چ دەکەین، چۆنی ئیدارە دەکەین. یان دەوڵەتی سەربەخۆ چۆن بەڕێوە دەچێ. ئەو شتانە کە وەکوو بەرنامەی حیزبەکان نووسراوە وەڵامدەرەوەی ئەم باسە نییە.

_ کەم کردنەوەی بوروکراتیی نێو هێز و حیزبەکان و ئاواڵەکردنی دەرگای هاتنە گۆڕی خەلاقییەت بۆ کادرەکان و کەم کردنەوەی فەرمانی لەسەرەوە بۆ خوار.

تاکتیک:

_ لێکدانەوەی تئۆریکی ئەو تاکتیکە کە هەڵبژێردراوە.

_ مانۆڕی گۆڕینی تاکتیک.

_ ئامادەیی خەڵک و کادرەکانی نێو خەڵک بۆ بەجێ گەیاندنی تاکتیکەکان.

***

خەباتی چەکداری ڕابردوویەکی زۆر کۆنی لە مێژووی مرۆڤدا هەیە. بەتایبەت کورد بە پێی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەی کە فئۆدالی/ عەشیرەتی بووە، پێشتر جگە لەم شێوە خەباتە هیچیتری نەزانیوە و نەیکردووە. بەڵام هەتا دەگەیینە سەردەمی کۆمەڵەی (ژێ کاف) هیچ تئۆرییەکی بۆ خەبات نەبوو. دوای ئەوەش ستراتێژی ڕوونی نەبووە و بە دووی ڕووداوەکان کەوتووە. ئێستا ئەگەر دەیەوێ ڕێگایەکی تازە هەڵبژێرێ دەبێ تئۆری و لێکدانەوەی هەبێ.لە دەورانی مۆدێڕندا بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا و دوای شەڕی دووهەم کە جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکان هاتنە ئاراوە، چەندین شێوە و تئۆری بەتاقی کراوەتەوە. ئەوانەی کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکە ڕێککەوتوون، سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و ئەوانی دیکە شکستیان هێناوە. بۆ نموونە "گەمارۆی شارەکان لە ڕێگای دێهاتەوە" کە تێزی مائۆ بوو لە چین سەرکەوت. بەڵام لە زوفار سەرنەکەوت. "شۆڕش بۆ شۆڕش" لە کوبا سەرکەوت و لە ئێران شکستی هێنا و...

من پێم وایە تئۆرییەکانی خەباتی چەکداریی ساڵەکانی ٥٠ (چریکە فیداییەکانی گەل( لە ئێراندا دەبێ زۆر بە وردی چاوی پێدا بخشێندرێتەوە. گومانم لەوە هەیە کە بانگەوازکەرانی ڕاسان ئەو کارەیان کردبێ و هۆی شکستەکەیان بە وردی لێکدابێتەوە. بۆ نموونە زۆر دەگوترێ و دەگوترێتەوە و تەنانەت شێعری پێدا هەڵدەڵێن کە ئەمە "گرێدانی خەباتی شاخ و شارە". ئەم تئۆرییە یەکێک لەو تئۆرییانە بوو کە ئەوکات لەنێو فیداییەکاندا هەبوو و هەر بەوە دەستیان پێکرد. ڕووداوی سیاهکەل )کە ڕاست وەکوو ڕووداوی سەرەتای ڕاسان لە یەکەم هەنگاودا زەربەی کاریی لێکەوت( ئەو ڕێگای لێگرتن. دوایە دوو تئۆریی دیکە کەوتە بەر باس. تەنیا لە شاخ یان تەنیا لە شار. کە ڕەوتی ڕووداوەکانی پاش سیاهکەل خۆبەخۆ تئۆریی شاری سەرخست. ئێستا بە گەورەبوونەوەی شارەکان و گرێدراویی گوندەکان بە شارەوە ئەم تئۆرییە زیاتر جێگای تێڕامانی هەیە.

تئۆری تەنیا لە شاخ ،نەتەنیا لە سیاهکەل بەڵکوو پێشتر لەکوردستان (گرووپی ئاوارە و شریفزادە و...ساڵی ٤٦ ی هەتاوی( بە تاقی کرابووەوە و شکستی هێنابوو. تئۆری شاخ و شار لە بنەڕەتدا تێزی "تۆپامارۆ"یە لە بێرزیل. هێزی پارتیزان لە شاخ و گوندەکان و تەشکیلاتی نهێنی لە شار. خاڵی لاوازی ئەو جۆرە کە خۆیان دوایە لێکدانەوەیان لەسەر کرد. ئەوە بوو کە ڕێژیم هاسانتر دەستی دەڕوا پارتیزانەکانی شاخ سەرکوت بکا و خەڵکەکەیان لێ بڕەوێنێتەوە )خەڵکی جوتێر تا ماوەیەکی دیاریکراو دەتوانێ بەرەنگاری بکا. دوایە یان پشت لە هێزی چەکدار دەکا یان کۆچ دەکا( ئەمە بوو بە هۆی شکستی تۆپامارۆ. ئەم تاقیکردنەوە لە باکووری کوردستانیش لەم ئاخرانەوە کرا. پ.ک.ک/ ە. د. پ. گریلا لە شاخ و تەشکیلاتی ئاشکرا لە شار. دیتمان چۆن بە بیانووی گریلاوە ڕێکخراوی شاریان داپڵۆسی. کە وابوو ئاخر چارە تەنیا و تەنیا دەبێتە ڕێکخراوی نهێنی لە شاردا.ئەمەش چەند مەرجی هەیە کە بە کورتی باسی دەکەم.من پێموایە کە هەلومەرجی خەباتی ئێستا لە ئێراندا زۆر لە هەلومەرجی ساڵەکانی ٥٠ ی هەتاوی ئێران دەچێ. ڕێژیمێکی سەرەڕۆی بێ بەزەیی، و حاکم بەسەر هەموو شتێکدا. دێهاتی نائەمن بۆ خەبات، خەڵکێک ترسێندراو و لە هەمان کاتدا لاوانی زۆری ئامادەی خەبات. جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئێستا خەڵک زۆر لەوکات نارازیترن و حکومەت شوێنی لێدانی زۆرترە. ئەمە ئەو جێ پێیەیە کە دەبێ جووڵانەوە کاری بۆ بکا. کاری تەشکیلاتیی چڕ، هەتا ئەو خەڵکە دەگەنە ئەو ئاستە کە بڵێن: نەتەنیا ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕووخێ ،بەڵکوو ئێمە دەتوانین بیڕووخێنین. ئەوە ئەو کاتەیە کە هێزی پێشڕەو زەمینەی بۆ کاراکردنی ڕێکخراو و چەکدار کردنی خەڵک هەیە و دەتوانی بەرەو ئامانج بڕوا .هەروا کە دەستنیشانم کرد ئەمە پێویستی بە قۆناغبەندییە و ئامادەکاریی خەباتکارەکان.

هەڵەیەک کە هۆی هەموو شکستەکانە و لە هەمووواندا هاوبەشە ئەوەیە کە؛ بڕیار لە لایەن چەند کەسێک یان هێزێکی نوخبەوە دەدرێ و دوایە دەیانەوێ خەڵک لە دوویان بکەوێ (لە سەرەوە بۆ خوارەوە). لەباتی ئەوە کە بیانەوێ خەڵک بە دوی خۆیاندا بکێشن، دەبێ ئەوان پشتیوانی خەڵک بن. (لە خوارەوە بۆ سەرەوە( خەڵکیش ئەوانە نین کە لە دەوروبەری خۆیانن .دەنا جگە لە شکست هیچ بەرهەمێکی نابێ. زۆر جاریش ئەو کات کە خەڵک دەجووڵێ ئەوان ئامادەییان نییە و جووڵانەوەکە سەرکوت دەکرێ. ئەوانیش تەنیا ئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە کە باسی پاڵەوانیی خەڵک و بێبەزەیی بوونی دەسەڵات بکەن، و ئەمەش هیچی لێی شین نابێ. چاوێک بە ڕابردوودا بخشێنین نموونەی زۆر دەبینین. ئەوانەی بیر لە خەباتی چەکداری نوێ لە کوردستان دەکەنەوە، لە باتی وەڵامدانەوەی تەبلێغی وەکوو ئەوە کە تا ئێستا لە وەڵامی پرسیارەکاندا بیستومانە. بیری ڕاستەقینە لە کێشەکە بکەنەوە و بیرەکانیان لەگەڵ خەڵک بەش بکەن)ڕەخنەی تئۆریک ئەو کاتە دەگیرێ کە تئورییەک بۆ ڕاسان لەبەردەستدا بێ(... کوڕی خەڵک گیای بەهار نییە بۆ زیادکردنی ئاماری شەهیدان بە کوشتی بدەن. دەبێ دەستکەوتەکان بە ڕوونی دیار بن. من نازانم ڕەنگە بۆ خۆیان دیار بێ، بەڵام ئەگەر دەیانەوێ خەڵکیان لەگەڵ بێ، ئەوە دەبێ ئەوانیش بیزانن.



# کۆمەڵگای سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کاریگەریی ڕاسان

ن: ئارەش ساڵح

نەزمێک کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا زاڵە؛ لەسەر ئەساسی دابەشکردنی ئەرکەکان لە نێوان ئامریکا و لیبراڵ دێموکراسیەکانیتر هاتۆتە ئاراوە. وڵاتانی لیبراڵ دێموکرات کە لە نێوان خۆیاندا نزیک بوونەتەوە بەو ئارمانەی کە "کانت" بە ناوی ئاشتیی هەتاهەتایی ناوی لێ دەبرد، بۆ ئەوەی بتوانن نەزمی سەقامگرتوو بپارێزن و لەو نەزمەدا بەرژەوەندییەکانی ئەوان پارێزراو بێت و بەها کۆمەڵایەتییەکانیان باڵادەست بێت، ئەوا ڕۆڵێکیان کە بۆ ئامریکا بینیوە ڕۆڵی پشتیوانیی سەربازی و ئاسایشی ئەو نەزمەیە. بۆیە پلانی ئامریکا بۆ گەشەی سەربازی و فراوانتر کردنی بودجە سەربازییەکەی و زیاتر بنیاتنانی بنکەی سەربازی لە گۆشە و کەناری دنیا نەتەنیا لە لایەن لیبراڵ دێموکراسیەکانەوە وەکوو مەترسی چاوی لێ ناکرێت، بەڵکوو زۆریش پێشوازیی لێ دەکرێت. بۆ وێنە ئینگلیس، فەڕانسە، سوئێد و هەموو وڵاتانیتری لیبراڵ دێموکرات هەموو کاتێک لە وتووێژەکانیاندا لەگەڵ ئامریکا هەوڵ دەدەن ئەو وڵاتە زیاتر هان بدەن بەرەو ئەو کارە.

بەم پێشەکیەوە دەمهەوێت بڕۆمە سەر نەزمی سیاسیی هەبوو لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. ئەگەرچی ئەو دوو نەزمە سیاسییە جیاوازیی پێکهاتەییان هەیە، بەڵام لە چیەتی دا هەردووکیان دەکەونە خانەی نەزمی سیاسی و پێوەندییەکانی هێزەوە. بۆیە بە باوەڕی من دەکرێت کە تا ڕادەیەک لەو دەستەواژە و تیۆرییانە کە نەزمی یەکەم شی دەکەنەوە کەڵک وەربگیردرێت بۆ ئەوەی کە نەزمی هەبوو لە کوردستانی ڕۆژهەڵات شی بکرێتەوە و لەسەری باس بکرێت.

لە ڕاستیدا نەزمی سیاسیی سەقامگرتوو لە کوردستان نەزمێکی هایرارشیکە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گرینگترین یاریکەریەتی و ڕۆڵی یاریکەرانی دیکە لەچاو کۆماری ئیسلامی زۆر کەمە و تەنانەت نایێتە بەرچاویش. لەم نەزمەدا کۆماری ئیسلامی دەتوانێت بە کەیفی خۆی ڕێساکانی یاری بە سەر هەموو کۆمەڵگای سیاسی – بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیشەوە- بسەپێنێت و خۆشی بە هەر مەرجێك کە خۆی حەز کات یاریکەرانیتر سزا بدات. ئەگەر بمانهەوێ وێنای ئەو نەزمە بکەین زیاتر لە نەزمێکی بە تەواوی مانا تاک جەمسەری دەچێت کە کۆمەڵگای سیاسی واتە ئەحزاب و لایەنە سیاسی و پیشەییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی هیچ ڕۆڵیان لە دەستنیشان کردنی ڕێساکانی یاری نیە.

لەم نەزمەدا، ئەوەی کە زەرەمەند دەبێت هەم کۆمەڵگای مەدەنی و هەم لایەنە سیاسیەکانن کە بە یەک ڕادە دەکەونە بەر هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ ژێر ڕکێف خستنیان. دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی هیچ بەربەستێک لە پێش ئەوە نابینێت کە بە هەر شێوازێک کە خۆی حەز کات لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی و لایەنە سیاسییەکان یاری، کونترۆڵ یان سەرکوتیان بکات. ئەو بەربەستە لە وڵاتە دێموکراتیکەکاندا نەزمی سیاسی سەقامگرتوو لە کۆمەڵگای سیاسی پێکی دەهێنێت؛ واتە دەوڵەت لەو وڵاتانە خۆی لە نەزمێکدا دەبینێت کە ئەگەرچی هایرارشیکیش بێت، بەڵام ئەحزابی سیاسی، میدیا، کۆمەڵگای مەدەنی و ئیلیتی سیاسی خاوەن دەسەڵاتن و بە هەندێک یاسا و ڕێسا ئەو دەسەڵاتەیان پارێزراوە. بۆیە ئەگەر لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆن بەهێز بێت ئەوا بەهێزتر بوونی ئەو لایەنە نەتەنیا لە دژی بەرژەوەندیی ئۆپۆزسیون نیە، بەڵکوو پانتایەک بۆ کردەوە بۆ هێزەکانی تر دەڕەخسێنێت کە دەتوانن لەو پانتاییەدا ڕۆڵ بگێڕن و کاریگەرییان هەبێت.

ئێمڕۆ ڕاسان تەنیا هێزێکە کە دەتوانێت ئەو ڕۆڵە لە کۆمەڵگای سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات بگێڕێت. ئەگەر چاو لێ بکەین، ئەمڕۆ تەنیا کانوونێکی بەرگری لە بەرانبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆی سیاسی لە ئێران کە دەتوانێت چڕبوونەوەیەکی هێز پێک بێنێت و خاوەن یەکگرتوویی گوتار بێت، ئەوا ڕاسانە. ڕاسان تەنیا کانوونێکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە توانایی ئەوەی هەیە کە واتا ببەخشێت بە زنجیرەیەک لە چالاکی کە لە نێوخۆ و دەرەوەی ڕاسان لە سەرانسەری کوردستاندا دێنە ئاراوە. بۆ وێنە کۆبوونە شەش قۆڵیەکەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە هەبوونی ڕاسان واتایەکی جیدیتر پەیدا دەکات و کەمپەینی نەورۆزی جامانە واتاکەی خۆی لە حوزوری ڕاسانەوە وەردەگرێت، ئەگەرچی هەردووی ئەو چالاکیانە لە دەرەوەی ڕاسان پێکهاتوون.

کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان تەنیا زەمانێک دەتوانێت کاریگەر بێت و جێی گرینگی بێت کە لەسەر نەخشە ببیندرێت و لەسەر مەدار بکەوێتە بەرچاو. بینینی کۆمەڵگای مەدەنییش زۆر پێوەندیی بەوەوە هەیە کە کوردستانی ڕۆژهەڵات ببێت بە کێشەیەک لە هاوکێشەکانی ئێران و ناوچە. لە ڕاستیدا نە بزاڤی خوێندکاری، نە بزاڤی ژنان و نە کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ناتوانن لە هێز و کاریگەریدا لەگەڵ ئەوانەی تاران و کۆمەڵگای ناوەند بەراورد بکرێن.

ئەوەی لە کوردستان وەکوو کۆمەڵگای مەدەنی و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان دەناسرێت، یان هەر بوونی نیە یان زۆر لاواز و ناکاریگەرە. بۆیە تەنیا تایبەتمەندییەک کە دەتوانێت ئەو کۆمەڵگایە وەکوو ڕۆژئاواییەکان دەڵێن بێنێتە سەر نەخشە، ئەوا تایبەتمەندیی کۆمەڵگای کوردستانە و هەبوونی کەلێنێکی گەورەیە کە چالاکانە واتا بەخشی دەکات. ئەو کەلێنە چ بمانهەوێ چ نا، تەنیا ساتێک چالاک بووە و تەنیا کاتێک واتابەخشیی کردووە کە هاوکات بووە لەگەڵ هێزێکی چەکداری بەهێز و کانوونێکی بەرگری کە بتوانێت هێز کەڵەکە (موتەمەرکێز) بکات.

ئەمە بەو واتایە نیە کە پێویستە هەموو کەس ڕوو لە شاخ بکات؛ وەکوو ئەوەی کە لە نێو کورد دا باوە کە دەڵێن؛ بۆ خزمەت کردن پێویست ناکات هەموو ببن بە پێشمەرگە. لەگەڵ هەبوونی ڕاسان، لایەن و حیزبە جیاوازەکان و بزاڤەکان و کۆمەڵگای مەدەنی لەهەرکوێ بن و ئایا بەشێک لە ڕاسان بن یان نا، لەلایەکەوە خاوەن کاریگەریی زۆرتر دەبن و لەلایەکی تریشەوە پانتایی چالاکییان بەرفراوانتر دەبێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو نموونەیەی کە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەرمان گرت، ئەوا هەبوونی ڕاسان وەکوو کانوونێکی چەکداریی بەهێز دەتوانێت نەزمێک کە کۆماری ئیسلامی نزیک بە چل ساڵە خەریکە لەوێ سەقامگیری دەکات تووشی کێشەی سەرەکی بکات. لەگەڵ ڕاسان دەسەڵاتی سیاسی چالەنجێکی جیددی لەبەردەم ئەوە دەبینێت کە قاعیدەی یاری بە سەر کۆمەڵگای سیاسی لە کوردستان بسەپێنێت. لە لایەکی ترەوە بە هەبوونی ڕاسان کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هەموو کۆمەڵگای مەدەنی و ئەحزاب و لایەنەکانیانەوە دێنە سەر نەخشە و مەدارە نێودەوڵەتییەکان دەیانخوێننەوە.

لە ئاکامدا دەبێت بڵێم کە ڕاسان نەتەنیا هیچ مەترسیەک بۆ هیچ هێزێک نیە کە نایەوێت بچێتە سەرشاخ، بەڵکوو هەلێکە بۆ ئەو هێزانە کە بتوانن لە پانتایەک کە ڕاسان پێکی دەهێنێت کەڵک وەربگرن بۆ هەناسە دان و چالاکی کردن. ئەمە ئەرکی ڕێبەرایەتیی ڕاسانە کە ئەم بابەتە بۆ لایەنەکان شی بکاتەوە و دڵنیایان بکاتەوە. لە ڕاستیدا کۆمەڵگای سیاسیی کوردستان کە بریتییە لە ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، دەتوانن بە هۆی نزیکیی بەهاکانیان، خۆیان لە جەمسەرێکدا بدۆزنەوە کە ڕاسان دەتوانێت بەدیهێنەری نەزمێک بێت کە لە نێویدا ئەو جەمسەرە زیاتر بەرژەوەندییەکانی پارێزراو بێت و کاریگەرتر و جیددیتر بێتە بەرچاو.

## بێدەرەتانییەکانی ژیان بەرۆکی زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی ئێرانی دادڕیوە

زیاتر لە ٦٠٪ی خەڵکی ئێران سەر بە چینی مامناوەند بۆ خوارەوەن، کە ڕۆژانە لەگەڵ بێدەرەتانی و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان بەرەوڕوو دەبنەوە.

چەند ڕۆژ پێش ئێستا، یەحیا ئالی ئیسحاق، سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێران و عێراق، لە وتووێژێکدا لەگەڵ "قۆدس ئانلاین" ڕایگەیاند: بەپێی دوا ئامارەکانی بەردەستمان، زیاتر لە ٤٥ میلیۆن کەس لە ئێران کە دەکاتە سەروو ٦٠٪، دەکەونە نێو چینی مامناوەند بۆ خوارەوە کە توانای یەکخستنی تێچووەکانی ژیان لەگەڵ داهاتەکانیان نییە و تووشی هەژاریی لەڕادەبەدەر بوونەتەوە.

ناوبراو وتویەتی: یەکێک لە گرینگترین قەیرانەکانی وڵات لە بیاڤی ئابووریدایە کە خۆی دەخزێنێتە هەموو بیاڤەکانی دیکەش کە بەشێکیان بریتین لە بێکاری، داتەپینی ئابووری، گەندەڵیی ئابووری، باری گوزەرانی ژیان، کێشەکانی سیستمی بانکی، پەراوێزنشینی، کەمیی ئاو و سندووقەکانی خانەنشینی کە هەموو ئەمانە ڕەگیان لە بیاڤەکانی ژیانی خەڵکی ئێران داکوتاوە و بوونەتە هۆکاری سەرەکیی گرفتەکان لە بیاڤی پرسە ئابووری و فەرهەنگییەکان.

بە وتەی ناوبراو، هەنووکە دانیشتوانی شارە گەورەکانی ئێران ناچارن ٢ لەسەر ٣ی داهاتی خۆیان تەنیا بۆ دانی کرێ ماڵ تەرخان بکەن؛ ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ چوونەسەری نرخی کەلوپەلەکانی وەک جل و بەرگ، بێهداشت و فێرکاری و ئاموزش بە ڕێژەی ٣٠٪، کە کۆی ئەم گرفتانە بارودۆخێکی نالەبار و نەگونجاویان بۆ توێژی مامناوەندی ئێران ساز کردووە.

ئالی ئیسحاق دەڵێ: داهاتی سەرانەی ئێران و نرخە سەقامگرتووەکان لە ئێستادا بۆ ٧٠٪ی داهاتەکانی ساڵی ٥٥ی هەتاوی دابەزیوە، واتە هەنووکە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٥٥، ٣٠٪ کەمبوونەوەی داهاتی سەرانەمان هەیە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە؛ هەنووکە ٧٠٪ی یەکە بەرهەمهێنەرەکانمان داخراون کە هۆکارە سەرەکییەکی گوێنەدان بە گرینگیی ئەم یەکانە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە لەلایەن دەوڵەتەوە؛ بە بڕوای ناوبراو لە ئێراندا پرسە پێوەندیدارەکان بە ئابووری، لەگەڵ ئاریشە حیزبی و سیاسی و دەستەبازییەکان تێهەڵکێش کراون.

لە کۆتایی قسەکانیشیدا ئەم چالاکە ئابوورییە بە تەوسەوە دەڵێ: خەڵک دەبێ بزانن کە جادەوبانی ئابووریی ئێران ئۆتوبان نییە، بەڵکوو وەک جاددەیەکی هەورازی پڕ لە بەرد و تاشەبەردە کە دەبێ سواری تانکی شەڕکەر ببیت جا ئەتوانی پێیدا هەڵگەڕێی و جوڵەت هەبێ!

لەلایەکی دیکەشەوە عەباس ئاخوندی، وەزیری ڕێگەوبانی ڕێژیمی تاران ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٤ی خاکەلێوە لە لێدوانێکدا بۆ هەواڵدەریی حکومەتیی مێهر، باسی لە ئەوپەڕی خراپیی بارودۆخی ئابووریی ئێران کرد و وتی؛ پێویستە دۆخی سوور لە ئێراندا ڕابگەیەندرێت.


ئاخوندی لەم وتووێژەدا وتوویەتی: داراییە ژەهراوییەکان لە سیستمی بانکی، قەرزەکانی دەوڵەت بە ئابووریی گشتی ئێران و نرخی کەڵکاژۆوەرگرتن لە ئابووری، ٣ قەیرانی مەزنن کە هەنووکە یەخەی ئابووریی ئێرانیان دادڕیوە.

بەوتەی ناوبراو یەکێک لە کێشە پێکهاتەییەکانی ئابووریی ئێران بوونی قەرزی ٧٥٠ هەزار میلیارد تمەنیی دەوڵەتە بە ئابووریی ئێران کە ئەم ڕێژە یەکسانە لەگەڵ ٥٥٪ی بەرهەمی ناپاقژی نێوخۆیی و ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێ کە ئابووریی ئێران لە شەلەل بوون نیزیک بۆتەوە.هەروەها بانکی جیهانیی دراویش ماوەیەک لەمەوپێش لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا سەبارەت بە ئێران ڕایگەیاندبوو؛ ئابووریی ئێران دیسانەوە تووشی سەرلێشێواوی بووە و لە داهاتووشدا زیاتر لە ئێستا سەری لێ دەشەوێت.ئەم نیگەرانییانەی لێپرسراوانی ڕێژیم لەحاڵێکدا دەدرکێن کە خولێکی نوێ لە گەمارۆکان لەلایەن ڕۆژئاواوە لەدژی کۆماری ئیسلامی خراوەتە بەرباس کە ئەمەش دەبێتە فاکتێکی نوێ لەدژی سەرەڕۆییەکانی تاران و خراپتربوونی دۆخی شپرزەی ئابووریی ئێران.هەواڵدەریی ئاسۆشیتێدپرێس ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی مارس لە واشینگتۆنەوە ڕایگەیاند؛ لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمیتەی پێوەندییە گشتییەکانی ئەمریکا و ئیسراییل (ئایپەك) پەردە لە سەر پرۆژەیاسایەك لادرا کە بەرنامەی مووشەکیی بالێستیکی ئێرانی کردۆتە ئامانج.بەپێی ئەم ڕاپۆرتە هەواڵە، ئەو پرۆژەیاسایە دەیهەوێ گەمارۆ بخاتە سەر سیستمی دارایی نێونەتەوەیی کۆمپانیا ئێرانی و بیانییەکانی پێوەندیدار بە بەرنامەی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و ئەو بانکانەی کە هاوکارییان دەکەن. کەسانی پێوەندیدار بە بەرنامەی مووشەکیی بالێستیکی کۆماری ئیسلامی و هاوبەشە بازرگانییەکانیشیان گەمارۆیان دەخرێتە سەر. سەرەڕای ئەوە، سپای پاسدارانی ڕێژیمیش بە هۆی چالاکییە تیرۆریستییەکانی دەخرێتە نێو لیستی گەمارۆکانەوە و گەمارۆی چەکوچۆڵیش دژ بە ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە جێبەجێ دەکرێت.

ئاسۆشیتێدپرێس ڕایگەیاندووە کە؛ ئەو پرۆژەیاسایە هەم لە لایەن کێڤین مەك کارتی، ڕێبەری زۆرینەی کۆماریخواز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا و هەم لە لایەن ستەنتی هایەر، نوێنەری دێموکراتەکانەوە پشتیوانیی لێ دەکرێت.

لە کۆبوونەوەی ئایپەکدا "پاول ڕایان" سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا ڕێککەوتنی ناوکیی ناسراو بە "بەرجام"ی بە "کارەساتێکی تەواو" ناو برد.ناوبراو وێڕای پاڵپشتی لە پرۆژەیاسای گەمارۆ تازەکان دژ بە ئێران، وتی: "بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانە، دەبێ لە هەموو ئامرازەکانی بەردەست کەڵك وەربگرین. ئێمە بۆ بەپەرچدانەوەی ئەو شەڕخوازییانە لە هەموو هەلومەرجێکدا دەبێ لەگەڵ هاوپەیمانانی خۆمان بە تایبەتی ئیسراییل هاوکاری بکەین". ئەمریکا بەم دواییانە لە وەڵامی تاقیکارییە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامیدا ٢٥ کەسایەتی و ئۆرگانی خستۆتە نێو لیستی گەمارۆکانەوە".

ئەو نوێنەرانەی کە پرۆەیاسای نوێی گەمارۆکانیان لە کۆبوونەوەی ئایپەك خستۆتە ڕوو، چاوەڕوانیی ئەوەیان هەیە کە ترامپ هەنگاوی زۆر لەوە گەورەتر هەڵبگرێت.



# سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە پێناو خۆشبژێویدا

غالب حەبیبی

لەیەکەم بەرکەوت، چەمکی سیاسەتی کۆمەڵایەتی (Socialpolicy) لە سێ تایبەتمەندیی ئاکادێمیک، کردەوە و مێتۆدۆلۆژیکدا خۆی دەردەخات. خوێندنی زانستگایی و ڕێبازی دەکارکردن لە ژیانی ڕۆژانە لەم بابەتەدا جێگای باس نین بەڵکوو مەبەست کار و کردەوەگەلێکە کە بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە و پاڵپشتیدەرانە لە لایەن دەوڵەتەوە وەک ڕێکخراوێک کە نوێنەری خێروبێری گشتیی کۆمەڵگایە دەستنیشان و بەڕێوە دەبرێت. ئەو کار و کردەوانەش ڕاست ڕووی لە توێژە فەقیر و هەژارەکانی کۆمەڵگایە، هەرچەند دەبێ هەموو چین وتوێژێک کەم تا زۆر لەلایەن سیاسەتی کۆمەڵایەتییەوە پاڵپشتی و چاولێکراو بێت. باشتر ژیانکردن(بهزیستی)و خۆشبژێوی لە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم بووەتە جێگای باس و خواستی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و لە چەمکێکی ڕۆژانەوە گۆڕدرا بە سیاسەتێکی فەرمی و گشتی کە لە چەمکی دەوڵەتی خۆشبژێو (Welfarestate) کۆ و ڕاڤە دەکرێت. زۆربوون و جیاوازیی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی مۆدێرنیتە لە هۆکارگەلی سەرهەڵدانی بیرۆکەی خۆشبژێوی و گەشە و لقوپۆپ کردنی بەشە جیاوازەکانییەتی. تایبەتمەندیی پەڕاپەڕیی(محیطی) و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان هەلومەرجێکی بنیاد ناوە کە نەبوونی و هەژاری وێڕای سیمایەکی کۆمەڵایتی و ئابووریی، دیاردەیەکی سیاسیشە و ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنەئارای بیرۆکەی خۆشبژێوی(رفاه) و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردن یان کەمکردنەوەی ئەو کێشە و لەمپەڕانەی کە هەلومەرج بە بێ خواست و ویستی مرۆڤەکان خوڵقاندوویەتی. واتە مرۆڤ بە ئاگاییەوە هەوڵ دەدات گۆڕانی کۆمەڵایەتی دروست بکات و لەو ڕێگایەشدا دەوڵەتی خۆشبژێوی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و لە بنەمادا ئەو دەڵەتە ئامانجی سیاسەتی کۆمەڵایەتییە. کەوابوو سیاسەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک بڕیار، یاسا و ئۆسوولێکە کە بایەخە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان و بەردەوام دابەشیان(بازتوزیع) دەکاتەوە بەسەر کۆمەڵگادا کە دواجار گەشە و پەرەپێدان ببێتە خۆدی سیاسەتی کۆمەڵایەتی.

**نەزەر و کردەوە**

چەمکی سیاسەتی کۆمەڵایەتیش وەکوو هەموو چەمکەکانی دیکەی بیاڤی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان تووشی ڕاڤە و لێکدانەوەی جۆراوجۆری چەپڕەو و ڕاستڕەوەکان بووەتەوە و کۆمەڵێک دژبەری و ناکۆکی لە چەمکە پێوەندیدارەکان هەبووە و هەیە. "بەرابەری" و "ئازادی" ئەو دوو چەمکە سیاسییەن کە لە تیۆریی دەوڵەتی خۆشبژێو سەرلەنوێ دێنەوە نێو باس و ڕوانگەی جیاواز بۆ بنەما و پێوەندیی ئەو دوو بیاڤەی ژیانی مرۆڤ دەکەن. بەرابەری (زیاتر مەبەست بەرابەریی کۆمەڵایەتییە) وێڕای پێناسە فەلسەفییەکەی، لە سەردەمی مۆدێرندا بووەتە چەمکێکی سیاسیش و لە کۆڵەکەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگای ئەم سەردەمە دێتە هەژمار کە ڕەها و جێگیر نییە و تەنیا هەوڵ بۆ بەرابەرکردنی (برابرسازی) مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگاکان دەدرێت. سەبارەت بە بەرابەریی کۆمەڵایەتی و هۆکاری ئەو پاڵپشتییە، بەڵگەی ئەوە دێننەوە کە پنەوازی(نیاز) بنەمای هاوبەشی مرۆڤەکانە و لە نێوان هەموو کۆمەڵ و یەکەیەکی مرۆییدا هاوبەشە و هەر وەک چۆن ئەو نیازانە هاوبەشن، ئەوا کەرەستەی دابین کردن و ڕەزامەندییش دەبێت گشتی و گشتگیر بێ. بۆ نموونە لەشساغی نیازێکی گشتی و بنەڕەتییە، بۆیە چارەسەرکردن و چاودێریی پزیشکی پێویستە و دەبێ گشتییش بێت. بەڵام کێشەی بەرابەری هەر وا بە سانایی و ڕواڵەتی چارەسەر نابێ و ئەو ململانێیەش تەنانەت لە نێو لایەنگرانی دەوڵەتی خۆشبژێویدا زۆر زۆرە. لایەنەکان لەسەر چەمک و ئیستراتیژی "بەرابەری لە دەرفەتەکان"، "بەرابەری لە دەرنجامەکان" و "بەرابەری لە سەرچاوەکان" ڕوانگەی جیاوازیان هەیە. بە گشتی دەوڵەتی خۆشبژێو لەسەر پێکهێنانی دەرفەتی بەرابەر و بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی لەهەمبەر توێژە لاوازەکانی کۆمەڵگا هەوڵ دەدات و ئەم ئیستراتێژیەش بە تێکەڵکردنی خزمەتگوزاری گشتگیر و بژاردەگەرایی لە هەمبەر خزمەتگوازرییەکانی خانووبەرە، تەندرووستی، خۆراک، ژینگەی پاک، داهاتی خانەنشینی، فێرکاریی، دابینکردنی کۆمەڵایەتی و ... ساخ دەبێتەوە.

ئازادی هەم وەک چەمک و هەم وەک بنەواشەیەکی مرۆیی و ئەخلاقی، هاوزادی بەرابەرییە و لە گوزارەی "سازان لە نێوان ئازادی تاکەکەس و ئازادی کۆ، چۆن دەبێت"؟ خۆی دەردەخات. ئەمیش وەک بەرابەری لەنێو بەرداشتی چەپ و ڕاستەکان دەخولێتەوە، بە واتایەکی دیکە؛ ئازادی لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا پێوەندیدارە بە بازاری ئازادەوە و بوونی دەستی نەبینراو(دست نامرئی) لە ڕێکوپێک کردنی بەرژەوەندیی تاکەکان لەنێو بەرژەوەندیی کۆییدا. ئینجا لێرەدا ڕاستڕەوەکانی وەک ڕابێرت نووزیک و فرێدریش فۆن هایک (بیرمەندانی ئامریکایی و ئاڵمانی لەبیاڤی دادپەروەریدا) کە بەتەواوی لیبراڵن، باوەڕیان بە پاراستنی ئازادی لە چوارچێوەیەکدا هەیە. واتە هێشتا ئەو دوو بیرمەندە لەسەر ئەوەن کە دەکرێت و دەبێت ئازادی و بەرابەری پێکەوە بسازێن و ئەمەش لە دەوڵەتی خۆشبژێودا دێتە دی. سرووشتییە کە ئازادی و بەرابەری لە تاکی هاووڵاتییدا (فرد شهروند) خۆیان دەبیننەوە و بە بێ بوونی هاووڵاتیی و دیاریکردنی ماف و ئەرکی، هاتنەدی و هاوسەنگیی نێوان ئازادی و بەرابەری ئەستەمە و تەنانەت بە بێ بوونی هاووڵاتی، خۆشبژێوی و ئامانجی دەوڵەتی خۆشبژێوی بێمانا دەبێت.

**دەوڵەتی خۆشبژێوی**

لێکۆڵەران لەبارەی سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەم دەوڵەتە ڕوانگەی جیاوازیان هەیە و ڕەگەکانی دەبنەوە بۆ نێوەڕاستی سەدەی نۆزدە کە لە هەندێ وڵاتی وەک بریتانیا و نیوزیلەند بۆ خانەنشینکراوان و بێکاران پارە بڕاوەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا دەوڵەتی خۆشبژێو کە هەوڵ بۆ دابینکردنی لانیکەمی ژیان و بەرابەری بۆ مرۆڤەکان دەدات، هی سەردەمێکە کە جیهان لەبواری پیشەیی و گەشەی ئابووری گەیشتبووە ئاستێک کە مەودای چین و توێژەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبوو و خاڵی وەرچەرخان لەم بەستێنەشدا دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ئابووریی ساڵی ١٩٣٠ی زایینی و هەژانی سیستمی سەرمایەداری. سیستمێک کە بڕوای بە بازاری ئازاد و ڕێکخستنی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای دان و ستانی (بدە و بستان) تاکەکان هەبوو. بەڵام لەو ساڵەدا و لە سەروبەندی قەیرانەکەدا بوو کە بیرمەندان، سیاسەتمەداران و کۆمەڵناسان هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە خۆشبژێوی خەڵکی (وەک تەناهی، بەرابەری و بیمەی کۆمەڵایەتی) زۆر لەوە گرینگترین کە بە میکانیزمی بازار و دەستی نەبینراو بسپێردرێت. کەسانێک کە ئەو بیرۆکەیان گەشە پێدا، مارکسیست بوون و بڕوایان وابوو کە دەبێ پێداچوونەوەیەک (تجدیدنظر طلبی) بە مارکسیستدا بکرێت و زیاتر گرینگی بە لایەنی ئازادیی تاک و خاوەنداریەتی تایبەتی بدات کە لایەنگرانی سۆسیال دێموکراسی ئەو بانگەشەیان دەکرد. لێڕوانینێکی دیکە بەپێچەوانە بڕوای وایە کە دەوڵەتی خۆشبژێوی لەبنەڕەتدا دژبەرانی مارکسیزم بۆ هەڵگەڕاندنەوەی خەڵک لە شۆڕش و پێوەندی گرتن بە بزاڤە سۆسیالیزمەکان هاتووەتە ئاراوە. کەوابوو دەوڵەتی خۆشبژێو لە چوار تەیبەتمەندیی پێکدێت و دەناسرێتەوە؛ ١) باشتربوونی تەندرووستی ٢) تەناهیی ئابووریی ٣) پەرپێدانی بارهێنان ٤) خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی. بەگشتی کەسانێک هەبوون و هەن کە بنەما و ئامانجی دەوڵەتی خۆشبژێو دەدەنە بەر ڕەخنە، کارڵ پووپێر باسی لە کار و چالاکیی دەوڵەت دەکا و گومانی لە دەستپڕاگەیشتنی دەوڵەتی خۆشبژێو بە ئامانجەکانی دەکات. ئەم بیرمەندە ئۆتریشییە لە چوارچێوەی تێزی زانستیی خۆیدا کە بە توانەی پووچەڵ بوونەوە "ابطالپذیری" ناسراوە، چەمکی "ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی بەرەبەرە" دێنێتە پێش و پێشنیار دەکات لە جیاتی هەوڵ و پلاندانان بۆ جێگیرکردنی خۆشبژیوی، سەرەتا کێشە و کەموکوڕییەکان دەستنیشان و پاشان هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی ئازار و مەینەتی کۆمەڵگا بدرێت.

**سۆسیال دێموکراسی**

سەبارەت بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و دواجار ساغبوونەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکیدا، ئایدیۆلۆژیی سۆسیال دێموکراسی بە خاوەنی سەرەکیی دەوڵەتی خۆشبژێوی ناودەبەن، هەرچەند سۆسیال دێموکراتەکان خوازیاری مانەوەی خاوەنداریەتی تایبەت(مالکیت خصوصی) لە کۆمەڵگادان. لە ڕوانگەی کەسانێک وەکوو تۆنی فیتز پاتریک، خۆشبژێوی تەنیا هەستپێکراو و پێوانەکراو نییە، بەڵکوو پەیبردنی ئێمە (درک ما) بە مانا و واتای هۆکارگەلی خۆشبژێوی، کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتن لە بێهزیستی هەیە، بێهزیستییەک کە بێجگە پنەوازییەکان(نیازها) دەبێ حەزەکان(علایق) و و خواستی خەڵکی لەبەرچاو و ڕەچاوبکرێت. ناوبراو لە درێژەدا سەبارەت بە سۆسیال دێموکراسییەک کە لەبەرگرەوەی سیاستی ڕفاهی بێ، دەبێژێت؛ تێکەڵەیەک لە لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەبێتە دەوڵەتی خۆشبژێوی و ئاوێتەبوونیان بە کردەوە لە داڕشتنی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەلوێت. لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی بەو واتایەی کە لە نێوان بەرابەریی سیاسی و بەرابەرکردنی ئابووری پێوەندییەک درووست بکەین و بەرابەری لە دەرفەت نەک بەرابەری لە دەرنجام دەستبەر بکات و مافی کۆمەڵایەتی لە بازنەی ئابووریی بازاردا جێ بگرێت. لە ئایدیۆلۆژیی سۆسیالیزمی دێمۆکراتیکدا بە گشتی ڕەخنە و نارەزایەتی لە هەمبەر نادادپەروەرانەبوونی سیستمی سەرمایەداری هەبووە و هەیە و خوازیاری نەمانی نابەرابەریی کۆمەڵایەتییە و هەروەها هاوکاری نەک ململانێ لەنێو کۆمەڵگادا پەسند دەکات.

**سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە ئێران**

وڵاتان لە کۆنەوە سەرقاڵی دابینکردنی چەشنێک خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی بۆ هاووڵاتیان بوونە، بەڵام کێشە لە ناوەرۆکی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتییە. ئێران لە سەردەمی ئەمیرکەبیردا دەستی کردووە بە جێبەجێ کردنی کۆمەڵێک کار و کردەوە کە دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام لە ساڵی ١٣٢٠ بوو کە تەندرووستی و فێرکاریی گشتی گرینگییان پێدرا و دواجاریش دەوڵەت لەپاش شۆڕشی ١٣٥٧ بە فەرمی و لە بڕگەکانی ئەسڵی ٢٩ و ٤٣ی یاسای بنەرەتی کراوەتە لێپرسراوی داڕشتنی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی گشتی و هەمەگیر.

لە ئێران چەندین دامەزراوەی دەوڵەتی خۆیان بە سەرپەرستی داڕشتن و بەڕێوەبەری سیاسەتی کۆمەڵایەتی دەزانن، بەڵام هەر ئەو فرەییە و بێسەروبەرییە (تێکەڵکردنی وەزارەتی خۆشبژێوی لەگەڵ وەزارەتی ئابووری) بووەتە هۆی ئەوەی کە پێکهاتەیەک بۆ ڕەچاوکردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی نەبێ کە ئەمەش زاڵبوونی گەڵاڵەی ئاوەدانی و پلاندانان (لایەنی ماددی) بەسەر ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و مرۆیی(لایەنی مەعنەوی) لێکەوتووەتەوە کە بە خۆشبژێوی نەریتی (رفاه سنتی) ناوزەد دەکرێت.

لەپاش نزیک بە ٤ دەیە، بە هۆکارگەلی جیاجیا، دەوڵەتی ئێران نەک لە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرک و سیاسەتانە سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو ڕاست کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەو توێژانە زۆر و بەربڵاوە کە سیاسەتی کۆمەڵایەتی دەبێ ڕەچاو و چاوەدێرییان بکات. توێژگەلی خوارەوەی کۆمەڵگا و ئەوانەی کە داهاتیان زۆر لە خوارێیە. سەبارەت بە هۆکارەکان دەتوانین ئاماژە بە سێ لایەن بکەین کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر تێکشکانی ئەو سیاسەتانە لە دەوڵەتی ئێران هەبووە، یەکەم سیستمی گەندەڵی بەڕێوەبەریی ئابووری و سەرچاوەکانی داهات کە ئێرانی کردووەتە ناشەفافترین وڵاتی جیهان لەبواری گەندەڵی، دووهەم گرێدراویی ئابووریی بە نەوت کە زۆر بە وەرچەرخانە سیاسییەکانی نێوخۆ و دەرەوە کاریگەرە کە دۆخی لەو چەشنەش بە پێچەوانەی وڵاتانی خۆشبژێوە کە کۆڵەکەیماڵییەکەی لە وەرگرتنی باج و سەرانە دابین و بەڕێوە دەبرێت، سێهەم کە هۆکارێکی نوێیە و بۆ بڕینی یارانەی شتومەکی خەڵکی و سووتەمەنی کەسانێک لە کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە کە کەمترین پشکیان لە دابەشکردنەوەی سەرمایە و داهاتی گشتیی وڵات هەیە. لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا، کێشەی ئابووری گەورەترین لەمپەڕی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگایە و خەسارەکانی ئەو هەلومەرجە لە بیاڤەکانی کۆمەڵایەتی وەک بێکاری، گرانی، هەژاری و گەندەڵیی ماڵی بە ڕوونی و ئاشکرایی دەرکەوتوون و سیاسەت داڕێژانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی تووشی دەستەوەستانی کردووە و داهاتووی زیاتر لە ٤٠ میلیۆن کەس کەوتووەتە لێواری هەڵوەشانەوە.

# کورد و تراژدییەک بە نێوی ژیان و ڕزگاری

شەهرام میرزایی

ئەگەر بمانهەوێ دەستپێکێک بۆ لە نێو بردنی سیستماتیک و بەرنامەداڕێژراوی گەلی کورد دیاری بکەین، بێشک شکستی کوردەکان بەرانبەر بە پارس و ڕووخانی ئیمپراتۆریی ماد و بەتاڵان چوونی کوردستان بە دەستی کوروشی هەخامەنشی خاڵی دەستپێکی ئەو پرۆسەیە. پرۆسەیەک کە لەگەڵ دامەزراندنی ئیمپراتۆریی هەخامەنشی دەست پێدەکات و هەتا ئێستا درێژەی بووە و هەیە. کوشتار، ئێعدام، تۆقاندن، دوور خستنەوە، ڕاگواستنی خەڵکی کوردستان لە شوێنکی ئەو وڵاتەوە بۆ شوێنێکی دیکە، لە نێو بردنی ژینگەی زاگرۆس، پەرەدانی سیستمی جاشایەتی، چەوساندنەوەی گەلی کورد، ئێستعماری سەرچاوە سروشتییەکانی زاگرۆس، لە نێو بردن یان گواستنەوەی ڕووبار و سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان، پەرەدانی هەژاری و بێدەرەتانی، لە نێو بردنی کەسایەتی تاکی کورد و هەوڵدان بۆ لە نێو بردنی زمانی دایکیی گەلەکەمان و دەیان گەلاڵە و پرۆژەی دیکە کە لە ٢٥٠٠ ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئێستا بە شێوەگەلی جیاواز بۆ لە نێو بردنی کورد و کوردستان بەرێوە چووە و دەچێ.

بەڵام کاتێک کەمێک بە وردی ئاوڕێک لە دۆخی ئێستای کوردستان دەدەینەوە بە ڕوونی دەبینین کە بەو هەموو پیلانە دژە مرۆڤانەی کە لە حەقی کورددا کراوە، هێشتا و هێشتا ئێمە لەسەر پێی خومان ڕاوەستاوین و هەر ڕۆژ بەیانی لە نێو شار یان چیاکانمان، سڵاو لە خۆر دەکەین و لە فکری گەیشتن بە ئازادی و پێکهێنانی ژیانێکی نوێ بۆ گەل و داهاتووی کوردستانین.

بەرخۆدان و شۆڕش بۆ ڕزگاری و پێکهێنانی ژیانێکی مرۆیی هەر لە دوای داگیرکردنی خاکی کوردستان بەدەستی هەخامەنشییەکان دەستی پێکرد، شۆڕشی گئوماد لە سەردەمی داریوشی هەخامەنشی و پێکهاتنی نزیک بە ٥٤٠ سەرهەڵدانی دیکە لە درێژایی تەمەنی ئیمپراتۆریی هەخامەنشی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە کورد هێچکات دەسەڵاتی داگیرکەری قەبوول نەکردووە و هەمیشە بە ئاواتی ئازادی و دادپەروەری و سەربەخۆیی وڵاتەکەی ژیاوە.

هەخامەنشییەکانیش بەرانبەر بەو هەموو ڕاپەڕینە بێدەنگ نەماون و بە دڕندانەترین شێوە وەڵامی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمانیان داوەتەوە، کە نموونەی بەرچاوی ئەو کوشتار و سەرکوتە لە کەتیبەی بیستووندا تۆمار کراوە. لەو کەتیبەدا داریوش هەخامەنشی دەڵێ: من چاو و گوێ و لووتی گئومادم بڕی و دەرمهێنا و پێستم کەند و پڕم کرد لە کا و لە دەروازەی هێگمتانە هەڵمواسی بۆئەوەی ببێتە پەندی مادەکان". بەڵام مێژوو ئەوەی نیشان دا کە نەتەنیا ئەو دڕندەییە نەبووە مایەی پەند وەرگرتنی کوردەکان، بەڵکوو قین و هەستی تۆڵەسەندنی لە نێو کوردەکاندا بە هێزتر و بە هێزتر کرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی داگیرکەر بەو قناعەتە بگات کە کوشتار و ژینۆسایدی کورد تەنیا ڕێگا نیە، بۆیە هەر لەسەرەتای حکومەتی هەخامەنشی پیلانگێرەکانی پارس دەستیان دایە داڕشتنی پرۆژەیەکی توکمە و درێژخایەن کە هێدی هێدی لە ڕێگای کولتووری و سڕینی مێژووی کورد و پێکهێنانی هەستی سووکایەتیی نەتەوەیی، هەوڵ بۆ لە نێو بردنی زمان و هەستی کورد بوون بدەن، تا لەو ڕێگایەوە تاکی کورد بە پەنا بردن بۆ باوەشی پارسەکان هێدی هێدی خۆی بە دەستی خۆی، خۆی لە نێوببات و لە نێو کۆمەڵگای فارسیدا ئاسمیلە ببێت.

لە سەدەی بیستەمدا و دوای ٢٥٠٠ ساڵ و لە سەدەی پێشکەوتنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی تێکنۆلۆژی، حکومەتی ئێرانیش بە گۆڕینی سیستمی سەرکوت و لە نێوبردنی گەلەکەمان بە تەواوەتی لە کەرەستە مۆدێڕنەکان لە ڕەوتی ئاسمیلاسیۆن و ژینۆسایدی کورد کەڵکی وەرگرت. شۆڕشی بەربڵاوی لوڕەکان لە ساڵانی ١٣٠٠ بەو لاوە و بۆمبارانی هەوایی "خوڕڕەم ئاوا" و سەرکوتی شۆڕشی "سمکۆی شکاک" دوو نموونە لە کوشتاری کورد و لوڕ لەسەرەتای ئەم سەدە و ڕانەوەستانی نەتەوەی کورد لە شۆڕش و خەبات دژ بە داگیرکەری ناوەندگەرایە. بەڵام حکومەتی ناوەندی بۆ بەرهەمهێنانەوەی "نظام معنایی"ی خۆی و سەڵماندنی دونیای فکری و هەروەها لەنێو بردنی "جیهانبینیی کوردی" بە تەواوەتی لە کەرەستە و سیستمە مۆدێڕنەکانی دونیای ڕۆژئاوا بە قازانجی خۆی کەڵکی وەرگرت. دامەزراندنی سیستمی پەروەردەی نوێ لەسەر بناغەی زمان و بیری "پان ئیرانیسم" و پێکهێنانی بوروکراسییەکی ناوەندگرا، دوو نموونەی هەرە گرینگی بەرەوپێش بردنی سیاسەتی فاشیستی لە ئێران بووە. بەڕێوبردنی ئەو سیاسەتە نوێیە بووە هۆی پەروەردە کردنی کەسایەتیگەلێکی کورد کە بە تەواوەتی لە خزمەتی بەڕێوبردنی سیستمی فاشیستیی ئێراندا بوون و خۆیان بوون بە پێشکەشکار و بەرێوبەری ئاسمیلاسیون و تواندنەوەی ڕۆڵەکانی کورد لە نێو زمان و فکری فارسی-ئێرانی. دوای سەرکوتی شۆڕشەکانی گەلەکەمان لە ساڵانی سەرەتای ١٣٠٠ و بەرێوەچوونی سیاسەتە نوێیەکانی دژ بە کورد، دەبینن کە وێڕای ئەو هەموو گوشار و کوشتارە لە ساڵی ١٣٢١ کۆمەڵەی ژێ.کاف بە بنەمایەکی تەواو نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانە پێکدێت و بیرەکەیشی بە درێژایی زاگرۆس بڵاو دەبێتەوە تا جارێکی دیکە کورد زیندوو بوونی خۆی بە داگیرکەر نیشان بدات. کوردەکان کە لەگەڵ دونیای فکری نوێی ڕۆژئاوایی ئاشنا ببون، بۆ بەرپەرچ دانەوەی سیاسەتی فاشیستیی دژ بە خۆیان هەوڵیان دا کە بیری خۆیان بە ڕۆژ بکەن و هەر لەم ڕاستایەدا بوو کە هەوڵی پێکهێنانی حیزب و پەرەدان بە سیستماتیک کردنی بیری حەق خوازی خۆیان دا کە ئەو هەوڵانە بە پێکهاتنی حزبێکی مۆدێڕن لە ساڵی ١٣٢٤ –حیزب دێموکرات- و ڕاگەیاندنی "کۆماری کوردستان" بە لوتکەی خۆی گەیشت.

بەردەوام بوون لە خۆڕاگری و شۆڕش لە نەتەوەی کورددا، بێشک بێ وێنەترین و درێژخایەنترین پرۆسەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەک لە دونیادایە. کاتێک "شوپێنهاوێر" مرۆڤ بە بوونەوەرێکی "مەزن" وەسف دەکات لە لێکدانەوەی ئەو وەسفەدا دەڵێ: ژیان بە هەموو بێ مانایی و سامناکیی خۆیەوە مرۆڤی لە ئامێز گرتووە، بەڵام مرۆڤ نە ملکەچ بووە و نە پاشەکشە دەکات و بەو حاڵەیشەوە "بەهێز" ڕاوەستاوە، بۆیە من دەڵێم کە مرۆڤ بونەوەرێکی مەزنە". لێرە دەتوانین ئەو حوکمە فەلسەفییە گرێ بدەینەوە بە نەتەوەی کوردەوە و بڵێین، کورد بەو هەموو کوشتار و ماڵوێرانی و ئاوارەییە کە بە سەریدا سپاوە، لە درێژەی زۆرتر لە ٢٥٠٠ ساڵدا بەرانبەر بە دوژمنان و داگیرکەرانی خاکی "بەهێز" ڕاوستاوە و نەتەنیا ملکەچ نەبووە، بەڵکوو بەرانبەر بە تراژێدیای لەئارادا بوو شورشی کردووە، بۆیە کورد نەتەوەیەکی مەزنە.






## دوو کۆڵبەر لە ناوچە سنوورییەکانی کرماشان بریندار کران



سەرەتای ئەم حەوتوویە دوابەدوای تەقەی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە کرماشان، دوو کۆڵبەری خێزاندار وەبەر "گوللەی ڕاستەخۆ" کەوتوون.
لەو تەقەکردنەدا، کۆڵبەرێک بە شوناسی "وەلی ڕەمەزانی" لە لای ڕان و زگییەوە پێکراوە.
کۆڵبەرێکی دیکەی خەڵکی گوندی "هەرمیان" لە ڕووداوی شەممە ٥ی خاکەلێوەدا برینی قورسی هەڵگرتووە کە ناسنامەکەی ڕوون نەبووەتەوە.
ڕاپۆرتی ئاژانسی کوردپا باس لە "خراپیی دۆخی تەندروستیی" ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە دەکات. هەردوو کۆڵبەری بریندار بۆ چارەسەری پزیشکی بۆ نەخۆشخانەی شاری جوانڕۆ بەرێ کراون.
تەقەی ڕاستەوخۆ و برینداربوونی کۆڵبەرانی سەلاسی باوەجانی، بە نوێترین هەوڵی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ئێران لە ساڵی ٩٦ لە کوردستان هەژمار دەکرێت.
کارناسان و مافپەروەران ڕوانگەیان ئەوەیە کە؛ هەر بەپێی یاسای بەکاربردنی چەک، تەقەی ڕوو لە کۆڵبەران، پێشل کردنی خودی یاساکەیە.
بەپێی ئاماری کوردپا، ١٥٤ کۆڵبەر لە ساڵی ڕابردوودا لە ڕووداوەکانی تەقەکردن، تەقینەوەی مین، سەرما و ... کوژراو یان بریندار بوونە.

## تەقینەوە مین دیسان لە پارێزگای ئیلام قوربانیی لێ کەوتەوە



شەوی ٣ لە سەر ٤ی خاکەلێوە، لە ناوچەی "مەیمەک"ی سەر بە شاری "مێهران" لە پاریزگای ئیلام، لاوێک بە هۆی تەوقینەوەی مین بە سەختی بریندار بوو.
هەواڵدەریی حکوومەتیی "مێهر" لەو بارەیەوە بڵاوی کردەوە کە؛ لەو ڕووداوەدا لاوێکی تەمەن ٢١ ساڵ لە کاتی لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتدا تووشی ڕووداوی تەقینەوەی مین دەبێت و لاقی چەپی ئەو لاوە بە سەختی بریندار دەبێت.
هەرچەند ئەو هەواڵدەرییە حکوومەتییە شوناسی ئەو لاوە تەمەن ٢١ ساڵەیەی بڵاو نەکردۆتەوە، بەڵام ئەو ڕووداوە لە کاتژمێر ٩:٣٥ خولکی شەو، لە ناوچەی مەیمەک ڕوویداوە.
لە دوایین مانگی ساڵی ٩٥ی هەتاوی هەتاکوو ئێستا، ئەمە ٤ ـەمین حاڵەتی تەقینەوەی مینە بە جێماوەکانی شەڕی ٨ساڵەیە کە بە هۆیەوە هاووڵاتییانی کورد لە پارێزگای ئیلام دەکوژرێن یان بریندار دەبن.
بەپێی ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا؛ لە کۆی ٥٢ هاووڵاتیی کورد لە ساڵی ڕابردوودا، کە بە هۆی تەقینەوەی مینەوە کوژراو و بریندار بوون، ٩ کەسیان منداڵن کە ٢ کەسیان کوژراوە و ٧ دیکەش بریندار بوون.

# کورد و دەستووری نوێی تورکیە

ئەلبۆرز ڕووئین تەن

گۆڕینی دەستووری تورکیە کە گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی بە دوای خۆیدا دێنێت، لە بابەتە هەرە چارەنووسسازەکانی ئەمڕۆی وڵاتی تورکیەیە کە لە ١٦ی ئاوریل ڕێفراندۆم بۆ قبوڵ کردن یا ڕەد کردنەوەی بەڕێوە دەچێت. ئەو گۆڕانکارییە گرنگییەکی تایبەتی بۆ گەلانی تورکیە هەیە، چوونکە سیستمی چەندین ساڵە دەگۆڕێت و بەشیکی تر لە دەستووری ساڵی ١٩٨٢ کە بە دەستووری کودەتای کەنعان ئەورەن ناسراوە دەگۆڕێت.

هەروەها گۆڕینی ئەو دەستوورە لە بەرنامەی هەموو پارتەکاندا هەیە و هەروەها بەشێک لەو دەستوورە لە ساڵانی ڕابردوودا گۆڕا کە هەندێک لەو گۆڕانانە بە سوودی کورد تەواو بوون. بەڵام گۆڕانکاریی ئەو جارە کە خۆی لە ١٨ ماددەدا دەبینێتەوە بۆ گۆڕینی سیستمی پارلەمانی بۆ سەرۆکایەتییە کە داخوازێکی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری ئێستا و دامەزرێنەری پارتی داد و گەشەپێدان و سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیەیە کە بە یەکێک لە کاریگەرترین سیاسەتمەدارانی تورکیە لە دوو دەیەی ڕابردوودا هەژماردەکرێت کە توانیویەتی هەموو هەڵبژاردنەکانی پازدە ساڵی ڕابردوو و بەر لەویشە وەکوو سەرۆک شارەوانیی ئیستانبول بباتەوە، هەروەها خاوەنی ویزونی تورکیەی ٢٠٢٣ یە کە دەیهەوێ لە سەدەمین ساڵیادی دامەزراندنی سیستمی کۆماری لە تورکیە، تورکیە لە بواری ئابووری و هێزەوە بخاتە ڕیزی ١٠ وڵاتی یەکەمی دونیا.ئەو گۆڕینە و هێنانی سیستمی نوێ بە پێداویستییەکی ئێستای تورکیە و گەیشتن بەو ویزونە دەزانێت، هەر بۆیەش پارتی داد و گەشەپێدان سەرەتا لە ساڵانی پێشووو بە تایبەتی لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ئاشتی هەوڵی ئەو گۆڕینە و زۆر گۆڕینی تری بە تایبەتی لەگەڵ هەدەپە دەست پێکرد، بەڵام بە نەتیجە نەگەیشتن و تەنانەت دوای سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو، بە دەست هێنانی ٨٢ کورسی و دروست بوونی ناکۆکی لە نێوان ئەو پارتە و لەنێوچوونی پرۆسەی ئاشتی و دروست بوونی ئاڵۆزی لە تورکیە و باکووری کوردستان، چەند مانگێک بەر لە دەست پێشخەریی مەهەپە پارتی ڕەگەزپەرەستانی تورک و پرۆسەی دانانی ئەو گۆڕانکارییە پێکەوە لەگەڵ پارتی دادوگەشەپێدان دەستی پێکرد. بە ١٨ ماددە پاکەتی نوێ هێنرایە نێو پارلەمان و پەسند کرا. ئێستاش لە مەیدانەکانی تورکیە و باکووری کوردستان بۆ پەسەند کردنی لە لایەن خەڵکەوە ڕێکلامی بۆ دەکریت و هەروەها دژبەرانی ئەو گۆڕینەش بۆ ئەوەی پەسەند نەکرێت، کە جەهەپە و هەدەپە و زۆر پارتی تر لە خۆ دەگرێت هەوڵ دەدەن.

بۆ ئەوەی بە تەواوی پێگەی موافق و دژبەرانی ئەو گۆڕینە و پێگەی کورد لەو گۆڕینی دەستوورەدا شی بکەینەوە، سەرەتا چاوخشاندنێکی خێرا و کورت بە سەر ماددە نوێیەکانی ئەو دەستوورەدا دەکەین و بۆ ئەوەی بە بەرچاوڕوونییەکی تەواوەوە بابەتەکان تاوتوێ بکەین.

ماددەی یەکەم: ماددەی نوێیەمی دەستووری کۆماری تورکیە کە دەڵێ؛ دادوەری سەربەخۆیە، وشەی بێلایەنی پێوە زیاد دەکات و بەو شێوەیە دێت: دادوەری سەربەخۆ و بێ لایەنە.

ماددەی دووهەم: ماددەی ٧٥ ی دەستووری پێشووو کە دەڵێ؛٥٠٠ ئەندامی پارلەمان بۆ ٦٠٠ ئەندام پارلەمان دەگۆڕێ.

ماددەی سێهەم: بەندی یەکەمی ماددەی ٧٦ی دەستووری پێشووو، ژمارەی ٢٥ مانگ بۆ ١٨ مانگ دەگۆڕێت ولە بەندی دووهەمدا، ڕستەی؛ ئەوانەی خزمەتی لەشکرییان نەکردووە بۆ هەڵاتوانی خزمەتی لەشکری دەگۆڕێت.

ماددەی چوارەم: ماددەی ٧٧ی دەستووری پێشووو دەگۆڕێ کە بەو شێوەیە دەبێ: هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و پارلەمانی تورکیە پێنج ساڵ جارێک بەڕێوەدەچێت و ئەندام پارلەمان دەتوانێ بۆ جارێکی دیکەش خۆی هەڵبژێرێتەوە و ئەگەر بێتو لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری‌دا بەربژێر نەتوانێ زۆرینەی دیاریکراو بەدەست بێنێ، ئەوا قۆناغی دووهەمی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت.

ماددەی پێنجەم: ماددەی ٨٧ی دەستووری پێشوو دەگۆڕێ و بەو شێوەیە دەبێ: ئەرکەکانی پارلەمانی تورکیە یاسا دانان، یاسا گۆڕین و سڕینەوەی یاسا دەبێ. یاسای بوودجە و حیسابی دیاریکراو تاوتوێ دەکات و قبوڵی دەکات. چاپی پارە و ڕاگەیاندنی شەڕ و پەسەند کردنی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان و بڕیاردان لە سەر بەخشینی گشتی و تایبەتی بە زۆرینەی سێ لە سەر پێنجی پارلەمان و هەروەها بەجێهێنانی ئەرک و مافەکانی تری دیاری کراو لە دەستووری تورکیەدا دیاری دەکات.

ماددەی شەشەم: ماددەی ٩٨ی دەستووری پێشوووی تورکیە بەو شێوەیە دەگۆڕێ: پارلەمانی تورکیە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی پارلەمان و تاوتوێ کردنی گشتی و لێپرسینەوەی پارلەمان و لە ڕێگەی پرسیاری بە نووسراو و وەرگرتنی زانیاری، ئەرکەکانی چاودێری کردنی خۆی بەڕێوەدەبات. لێکۆڵینەوەی پارلەمان بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی دیاریکراو بۆ بەدەست هینانی زانیاری پێویستە. تاوتوێ کردنی گشتی بە مەبەستی تاوتوێ کردنی بابەتێکی دیاریکراوی چالاکییەکانی حکومەت و خەڵک لە دانیشتنی گشتی پارلەمانە. لێپرسینەوەی پارلەمان بۆ سەرۆک کۆمار و جێگرەکانی و وەزیرەکانە لە سەر ئەو بابەتانەی کە لە بەندی پێنجەم و شەشەمەم و هەفتەمی ماددەی ١٠٦ی دەستووردا دیاری کراوە، پرسیار بە نووسراو، پرسیاری ئەندامانی پارلەمانە لە سەرۆک کۆمارو جێگرەکانی و وەزیرەکان بە مەرجی وەڵامدانەوەی لە ماوەی کەمتر لە پازدە ڕۆژ دا.

شێوازی دەست پێکردن و ئەنجام دانی ئەو ئەرکانەی سەرەوە بە گوێرەی پێڕەوی نێوخۆی پارلەمان، یاساکانی پێوەندیدار دەبێت.

ماددەی حەفتەم: ماددەی ١٠١ی دەستووری پێشووو دەگۆڕێ و لەوێدا ئاماژە بە مەرجەکانی سەرۆک کۆمار دەکات کە دەبێ تەمەنی لە چل ساڵ بەرەو سەر بێت و ڕەگەزنامەی کۆماری تورکیەی هەبێت، و هەروەها ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە بۆ پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێت و دەبێ لە لایەن حیزبێکی سیاسی کە لە دوایین هەڵبژاردندا لانیکەم پێنج لە سەدی دەنگی بەدەست هێنابێت و سەدهەزار دەنگی هێنا بێتەوە بەربژێر دەکریت و هەر کەس تەنیا دو دەورە دەتوانێ ببێ بە سەرۆک کۆمار. هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە چەند قۆناغ پێکدیت، ئەگەر زۆرینەی دیاری کراوی بەدەست نەهێنابێت و هەروەها چۆنیەتیی هەڵبژاردنەکە بەپێی یاسا ڕێک دەخریت.

ماددەی هەشتەم: ماددەی ١٠٤ ی دەستووری پێشوو دەگۆڕێ و لەوێدا ئاماژە دەکات کە؛ سەرۆک کۆمار وەک بەرپرسی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە کە جێگرەکانی دیاری دەکات و کابینەی حکومەت دیاری دەکات و حکومەت بەڕێوە دەبات، سەرۆکی دەستەکانی باڵا دیاری دەکات و لە کار لایان دەبات و نوێنەرایەتیی خەڵک و دەوڵەتی تورکیە دەکات و ماددەکانی دەستوور بەڕێوەدەبات و بە پێویستی بزانێ لە دەستپێکی ساڵی نوێی یاسادانان لە پارلەمان قسە دەکات و هەروەها بڕیارنامە سەبارەت بە بابەتی جیاواز دەردەکات، بە ناوی پارلەمان سەرۆکایەتیی هێزە چەکدارەکان دەکات و سیاسەتەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتوەیی دادەڕێژێت و پەیوەندییەکانی تورکیە و وڵاتان ڕێکدەخات و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی قبول دەکات و... هتد.

ماددەی نۆیەم: ماددەی ١٠٥ی دەستووری پێشوو دەگۆڕێ و لەوێدا باس لە چۆنیەتی لێپرسینەوە لە سەرۆک کۆمار دەکات لە کاتێکدا تووشی تاوانێک بێت و ئەو چەندەش بە دەنگی زۆرینەی پارلەمان دەست پێدەکات و میکانیزمەکەی دیاری دەکات.

ماددەی دەیەم: ماددەی ١٠٦ی دەستووری پێشوو دەگۆڕێ، لەوێدا ئاماژە بە چۆنیەتی کار و دانانی جێگرەکانی و وەزیرەکان و وەکالەتەکانی لە لایەن سەرۆک کۆمار دەکات و هەروەها ئەگەر سەرۆک کۆمار نەتوانێ ئەرکی خۆی بە هەر هۆکار بە جێ بگەینێ، لە ماوە ٤٥ ڕۆژدا بۆ هەڵبژاردنی نوێ دەڕوات، ئەگەر پارلەمانیش کەمتر لە ساڵێکی نەمابێ، ئەوا پارلەمانیش نوێ دەکرێتەوە. هەروەها حەسانەی ئەندام پارلەمان دەدات بە وەزیر و جێگرەکانی کە لە دەرەوەی پارلەمان دیاری دەکرێت. هەروەها چۆنیەتی وەرگرتنی حەسانە و دەست پێکردنی لێپرسینەوە لە کاتی ئەنجام دانی تاوان دیاری دەکات.

ماددەی یازدەیەم: ماددەی ١١٦ی دەستووری پێشوو دەگۆڕێ، لەوێدا ئاماژە دەکات کە؛ پارلەمان دەتوانێ بە زۆرینەی سێ لەسەر پێنجی دەنگی ئەندامانی پارلەمان بڕیار بدات هەڵبژاردنی پارلەمان و سەرۆک کۆمار نوێ بکاتەوە. هەروەها سەرۆک کۆماریش دەتوانێ هەڵبژاردنەکانی پارلەمان نوێ بکاتەوە، بە مەرجی نوێ کردنەوەی هەڵبژاردنی خۆی، هەروەها لە کاتی نوێ کردنەوەدا ئەو دەورەی هەژمار دەکرێت.

ماددەی دوازدەهەم: ماددەی ١١٩ی دەستووری پێشوو بەو شێوەی خوارەوە دەگۆڕدرێت کە؛ لەوێدا چۆنیەتی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە کاتی دیاریکراودا و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروباری حکومەت لە لایەن حکومەتەوە دیاری دەکات.

ماددەی سێزدەیەم: بە ماددەی ١٤٢ی دەستووری پێشوو بەندێک زیاد دەکات کە ئاماژە دەکات بە چۆنیەتیی دامەزراندنی دادگای لەشکری کە جیا لە دیسیپلینی لەشکری، دامەزراندنی ئەو دادگایانە دەبەستێتەوە بە هەبوونی شەڕ.

ماددەی چواردەهەم: وێڕای چەند گۆڕانکارییەک کە لە ماددەی ١٥٩دا سەبارەت بە چۆنیەتی دەستنیشان کردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەر و دۆزگەری گشتی کە لە سێزدە ئەندام پێک دێت لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە کە سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە وەزیری داد و هەروەها دوو ڕاوێژکاریەتی، هەروەها بەشێکی زۆری ئەو ئەندامانە لە ڕێگەی سەرۆک کۆمارەوە بە شێوەی سەربەخۆ و ناسەربەخۆ دیاری دەکرێن. هەروەها چۆنیەتی دەستنیشان کردنی ئەندامی نوێ لە کاتی نەمانی یەکێکیان دیاری دەکات.

ماددەی پازدەهەم: ماددەی ١٦١ی دەستووری پێشوو سەبارەت بە بوودجە دەگورێ و باس دەکات کە؛ سەرۆک کۆمار بوودجە و بەرنامەی یەک ساڵ بۆ هەموو وەزارەتەکان و دەزگاکان و دەستەکانی حکومەت دیاری دەکات و بۆ تاوتوێ کردن دەینێرێتە پارلەمان و لەوێ پەسەند دەکرێت.

ماددەی شازدە و حەڤدە و هەژدە بە گشتی چۆنیەتی گۆڕینی ماددەکانی دەستووری پێشوو بۆ گونجاندن لەگەڵ دەستووری نوێدایە کە ژمارەیەکی زۆر ماددە و بەند دەگۆڕدرێن، چوونکە سیستمی بەڕێوەبردنی تورکیە لە پارلەمانی بۆ سەرۆک کۆماری یا سەرۆکایەتی دەگۆڕێت.

ئەو ١٨ ماددە نوێیە بە ژمارە کەم بەڵام بە ناوەڕۆک زۆر بابەت لە تورکیە دەگۆڕێت. سەرەتا بە کورتی هۆکاری موافق بوون و دژبوونی هێز و لایەنە سیاسییەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی تورکیە باس دەکەین.

**موافقەکان:**

پارتی دادوگەشە پێدان و هەروەها مەهەپە کە وەک هێزی سەرەکیی موافقی ئەو گۆڕانکارییەن و دارشتنی ئەو گۆڕانکارییەش لە لایەن ئەوانەوە کراوە، هۆکاری پێویست بوونی ئەو گۆڕانکارییەش بەو شێوەیە شی دەکەنەوە. سیستمی ئێستای تورکیە کە بەرهەمی کودەتای ساڵی ١٩٨٠ی سەرۆکی لەشکری تورکیە "کەنعان ئەورەنە" دەسەڵاتی جیبەجێ کردن لە نێوان دوو سەری سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران کە حکومەت لە خۆ دەگرێت دابەش کردووە و دواتر خۆی بووەتە سەرۆک کۆمار، سەرۆک کۆمارێکی بە دەسەڵاتی زۆرەوە بە بێ بەرپرسیارەتی داناوە. هەروەها لە هەندێک بابەتەوە ئەگەر سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران هاوفکر نەبن کێشە دروست دەکات کە ئەو کێشانە دەبنە هۆی دروست بوونی گرفت لە سەقامگیریی وڵات بە تایبەت دوای گۆڕینی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە پارلەمانەوە بۆ هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە. ئەو چەندە بووە بە پێداویستییەکی زەرووری. هەروەها ئەو سیستمەی ئێستا خاوەنی زۆر گرفتی ترە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی نالەباری لە بەڕێوە بردن و ڕۆتینی ئیداری و زۆر بابەتی تر کە ناتوانێ وەڵامدەرەوەی ئێستای تورکیە و پێشکەوتنەکانی و زۆر بابەتی تر بێت، هەر بۆیەش ڕەمزی پێشکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانی ویزیونی ٢٠٢٣ ی تورکیە و پارتی دادوگەشە پێدان لە گرەوی ئەو گۆڕینەدا دەزانن. لێرەدا گوتەکانی سلێمان دەمیرل و تورگوت ئۆزالی سەرۆک کۆمارانی کاریگەری پێشوو لەمەڕ پێویستیی هەبوونی سیستمێکی لەو شێوەش وەک بەڵگەیەکی تر بۆ ئەو گۆڕینە دەهێنینەوە.

**دژبەرەکان:**

هەدەپە و پارتی جەهەپە و زۆر پارت و لایەنی تر لە خۆ دەگرێت، ئەوان گۆڕینی ئەو ١٨ ماددەیە بە گۆڕینی ڕێژیم دەزانن و تەنانەت باس لەوە دەکەن کە؛ لە کاتی پەسند کردنی ئەو گۆڕینە لە ڕێفراندۆمدا، دەبێتە هۆی دروست بونی حکومەتێکی تاکە کەسی کە یەک کەس بەڕێوەی دەبات، ئەوەش بە دیکتاتۆری لە قەڵەم دەدەن، تەنانەت ئەو دەسەڵاتانەی کە لەو دەستووورە نوێیەدا کە بۆ سەرۆک کۆمار دانراوە لە دەسەڵاتی پادشاش زیاتر دەزانن، بگرە بە تەواوی پارلەمان لاواز کراوە کە نەتوانێ چاودێری بە سەر حکومەتدا بکات. هەروەها بە دیاری کردنی ئەندامەکانی ئەنجومەنی دادوەری و دۆزگەری گشتی بە تەواوی دەست بەسەر دەسەڵاتی داد دا دەگرێت و هەر ئەو چەندەش وای کردوە کە ئەو گۆڕینە دیکتاتۆریەتی لێ‌بکەوێتەوە. هەروەها ئەو دەسەڵاتانەی کە سەرۆک کۆمار بۆ نوێ کردنەوەی پارلەمان بە فەسخ کردنی پارلەمان ناودەبەن و هەروەها دەسەڵاتی تری ڕەها لە دیاری کردنی سەرۆکی زۆر دەستە و دەزگا و هەروەها دەرکردنی بڕیارنامە لە کاتی بارودۆخی نائاسایی‌دا تورکیە بەرەو دیکتاتۆریەت و ڕێژیمی تاکە کەسی بڕیاردەر دەبات.

کوردەکان: بەشێک لە کورد لە چوارچێوەی پارتی دادوگەشە پێداندا موافقی ئەو دەستوورەن کە ڕێژەکەی نادیارە، هەروەها بەشێکی کە خۆیان لە هەدەپەدا دەبیننەوە بە تەواوی دژی ئەو گۆڕینەن، چوونکە هەمان قسەکانی بەرەی دژبەر دەڵێنەوە. لە هەمان کاتدا نابێ لە بیرمان بچێت کە؛ لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا کە سەلاحەدین دەمیرتاش لە گوتاری حەفتانەی ئەندامانی پارلەمانی خۆیدا بە زەقی و بە کورتی لە ماوەی چەند چرکەدا گوتی؛ ناتکەین بە سەرۆک، ناتکەین بە سەرۆک، وەک یەکێک لە سەرسەختترین دژبەرانی ئەو گۆڕینە هەژمار دەکرێن. هەروەها بەشێکی تر بایکۆتی دەکەن و بەشیکی کەمیشی موافقن.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە؛ ئەو دەستووورە نوێیە هیچی بۆ کورد تێدا نیە، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەیە کە کورد بەشدار نەبووە لە نووسینی‌دا.

ناسیۆنالیستە تۆخەکانی تورکیە لەگەڵی بوون بۆ نووسینی لە دەستوورەکانی سەد ساڵی ڕابردوو، کە حکومەتی تورکیە هۆکاری سەرەکیی ئەو ستەمە بووە، بەڵام ئەو ستەمەی ئەو جارە بەشێکی لە هەڵەی کوردەوە بووە، چوونکە دوای سەرکەوتن لە هەڵبژاردن و بەدەست هینانی ٨٠ کورسی دەیانتوانی سیاسەتی وا بگرنە پێش کە لەسەر نووسینەوەی یاسای وڵات کاریگەرییان هەبێ.

ئەگەر بە گفتوگۆکانی نێوان هەدەپە و ئاکەپە با ئێستا دەستوورەکە کەمیش با هەندێک ماددەی بە قازانجی کورد دەبوو، چوونکە هێزی مەهەپە و هەدەپە بە ئەندازەی یەکترە. ئەوکات باس لە خواستەکانی هەدەپە دەکرا. بەڵام ئەمڕۆ باس لە خواستەکانی مەهەپە دەکرێ کە بۆ کورد لەوانەیە شتێکی تێدا نەبێت.

چوونکە هەموو مەرجەکانی مەهەپە ئەوەیە کە تورکیایەکی وا دروست بکرێت کە بە سودی کورد نیە.

چالاکوانان و سیاسەتوانانی کورد لەو ناوچەیە دەبێ بە خۆیاندا بچنەوە کە چی بووە و بۆچی بەو شێوە بەرەو پاش ڕۆیشتن ڕووی داوە، تا ببێتە دەرسێک بۆ داهاتوو. کورد ناتوانێ بە بێ شیکاریی ئەو ماوەیە هەنگاو بەرەو پێش هەڵبگرێت، هەر بۆیەش دەبێ ئەو سیاسەتە هەڵەی کە لە لایەنی کورد، بەڕێوەبراوە، لێ وردەبوونەوەی بۆ بکرێ.

هەروەها ئەگەر لە تورکیا دەستوورێک بنووسرێتەوە کە ڕەنگدانەوەی گرفتەکانی تورکیا نەبێت، ئەوا ئەمڕۆ، سبەی یا دووسبەی ئەو گرفتانەی ڕوودەدن و لە مێژووی تورکیادا هەبوون، دووبارە دەبنەوە. تورکیاش ناتوانێ بەبێ چارەسەری ئەو گرفتانە بگات بەو ئامانجەی کە بۆ خۆی داناوە.

بەکورتی بە قبول کردنی ئەو دەستووورە یا ڕەت کردنەوەی لە لایەن خەڵکەوە، سەرکەوتن و گەیشتن بە مافەکانی کورد لە گرەوی ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی کوردە و مەرج نیە لە هێزیکدا بێت، دەتوانێ لە چەندین هێزی هەماهەنگیشدا بێت. هەر بۆیەش دەبی کورد بۆ ئەو چەندە تێبکۆشێت.





شاهۆ حوسێنی

# شانۆیەکی درۆزنانە

**ن: جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**

شانۆی سەفەری حەسەن ڕۆحانی، سەرۆک کۆماری ڕێژیمی ئێران لە ڕێکەوتی ٥ی خاکەلێوەدا لە فیلتێری کارناسانی سیاسی و چالاکانی سیاسی ڕەد بوو و هەر کام لەو کارناس و چالاکە سیاسییانە لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئەو سەفەرەیان لەژێر مەقەستی سیاستەوە تێپەڕاند. ناوبراو لە سەفەری خۆیدا بۆ پارێزگای سنە وەک هەموو کاربەدەستانی دیکەی سەرکوتکەری ڕێژم هەندێک وادە و بەڵێنی وەک هەمیشە جێبەجێ نەکەراوی هێنایە گۆڕێ و باسی لە پرسی وەک وتنەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی کرد. لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی١٣٩٣ یشدا، بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم ڕێژیمەدا کتێبی وانەی کوردی تایبەت بە خۆلی یەکەمی ناوەندی لە قوتابخانەیەکی شاری سەقز بە سەر قوتابییاندا بڵاو کرایەوە کە ئەوەش هیچ بەهایەکی مەعنەوی بۆ نەتەوەی کورد نەبوو و تەنیا بەلاڕێدابردنی فکر و ویستی خەڵک بوو.

حەسەن ڕۆحانی لەم سەفەرە یەک ڕۆژەیەدا بۆ پارێزگای سنە، چەندین پڕۆژەی ئابووری و بەرهەمهێنانی کردەوە، بەڵام چالاکوانانی سیاسی و ئابووریی کورد دەڵێن "ئەو پڕۆژانە هی چەندین ساڵ لەمەوبەرن و دەبوایە پێشتر جێبەجێ کرابان".

ڕەخنەگرانی نێوخۆ و بەتایبەت هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران، سەفەری حەسەن ڕۆحانی بۆ سنە بە پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردن لەقەڵەم دەدەن و لەو باوەڕەدان هیچ دەسکەوتێکی بۆ خەڵک نابێت.

یەکێک لە وادەکانی ڕۆحانی، دانانی خەڵکی خۆماڵی بوو لە پۆستەکانی بەڕێوەبەری لە پارێزگای سنەدا، بەڵام جێبەجێی نەکرد، ئەوەش لە کاتێکدایە کە لە پارێزگاکانی دیکەی ئێران، پۆستە خۆجێییەکانی بە خەڵکی ناوچەکە دەدرێت.

ئەو وادەیەی ڕۆحانی نەتەنیا جێبەجێ نەکرا، بەڵکوو لە وتارێکدا باس لەوە کردبوو کە؛ "ئێمە بەپێی شیاوی و لێهاتوویی کەسەکان بۆ بەرپرسیارەتی دیاری دەکەین و لە پارێزگای سنە کەسی شیاوی تێدا نیە". ئەو وتە بێ‌مانا و پووچەی ناوبراو خۆی دەرخەری ئەوەیە کە ناوبراو کەسێکی گوێ لەمست و درۆزنە و هیچ کردەوەیەکی نیە.

ناوەندەکانی توێژینەوە لە مافی نەتەوە و ئایینزاکانی نێو ئێران باس لەوە دەکەن کە؛ نەتەنیا لە دەورانی دەسەڵاتداریی حەسەن ڕۆحانی دۆخی ئەو کەمینانە باش نەبوو، بەڵکوو سەرکوتی زیاتر بە شێوازی جیاوازتر پەرەی سەندووە.

ئەو سەفەرەی سەرکۆماری ڕێژیم لە کاتێکدایە کە بەپێی ئامار و داتای خودی ڕێژیمی ئێران، پارێزگای سنە بە ٢١.٦٪ دوای کرماشان و چوارمەحاڵ‌وبەختیاری بە سێهەمین پارێزگای بێکاری ئێران دێتە ئەژمار و بە گوتەی نوێنەرانی ئەو پارێزگایە لە مەجلیسی ڕێژیم، گەورەترین گرفتی خەڵکی پارێزگای سنە، بێکارییە.

سەفەری ڕۆحانی بۆ پارێزگای سنە کۆمەڵێک دروشمی تێدا بوو و دیارە کە هیچکام لەو پڕۆژانەی کە ناوبراو باسی لێوە کرد جێبەجێ نابێت و تەنیا قسەیەکی ڕواڵەتییە.

سەفەری ناوبراو بۆ سنە تەنیا بواری ئەمنییەتی و سیاسی لەخۆ دەگرێت و بۆ بەهێزکردنی زیاتری دەزگاکانی سەرکوتی ڕێژیم لەو پارێزگایە خۆی دەردەخات.حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ڕێژیم کەسێکە کە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بەرپرسیارەتی گرینگی لە ڕێژیمدا هەبووە و ناوبراو لە سەردەمی شەڕی زیادەخوازی ئێران و عێراقدا سەرۆکایەتی ستادی شەڕی لە ئەستۆ بووە و لە عەمەلیاتی ناسراو بە (کەربەلای ٥) دا ڕێژیمی ئێران گەورەترین تێچووی ماڵی و ماددی دا کە ڕێژیمی ئێران ٦٥٠٠٠ هەزار هێزی خۆی بەکوشت دا و ئەو عەمەلیاتە وەک دەستپێکێک بۆ کۆتایی هێنانی شەڕی ٨ ساڵە دەزانن.بەپێی بەرپرسیاری و مێژووی سەرکۆماری ئێستای ڕێژیمی ئێران، ڕوون و ئاشکرایە کە ناوبراو جیا لە پڕۆژەی ئەمنییەتی لە کوردستان هیچ بەرنامەیەکی دیکەی نیە.

چوار ساڵ سەرکۆماریی حەسەنی ڕۆحانی بەرەو کۆتایی دەچێت. یەکێک لە سەرەکی‌ترین قسەکانی خەڵک، بە تایبەت چینی سیاسی و چالاکانی مەدەنی و ئابووری و فەرهەنگی لەم ماوەدا باس لەسەر هەڵسەنگاندنی کردەوەی دەوڵەتی ڕۆحانییە. ئەو دروشمانەی کە پێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی دابووی، کە تا چەندە جێبەجێ کراوە؟؟!!

ئەوەی کە ئێستا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەرچاوە، هەمان "ئاش و کاسە"ی جارانە، کە تەنیا بە شێوازێکی دیکە لە کوردستان جێبەجێ دەکرێت و ئەو ڕێژیمە لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا لە کوردستان ئاوەدانکردنەوە ناکات مەگەر لە بەرژەوەندیی ئەمنییەتی خۆیدا بێت.

**لەو پیوەندییەدا و بۆ ڕوونتر کردن و تاوتوێی زیاتری ئەم مژارە، سەرنجتان بۆ وتووێژێکی تایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ بەڕیز شاهۆ حوسێنی چالاکی سیاسی لە وڵاتی ئاڵمان و خاوەنی بڕوانامەی کارناسیی باڵا لە زانستە سیاسییەکاندا ڕادەکێشین:**

**شاهۆ حوسێنی:** لەپاش حزووری بەربڵاوی پێشمەرگە، ئەگەری هەڵگیرسانەوەی خەباتێکی بەربڵاوی چەکداری بۆتە پەرۆشیی بەرپرسان و ناوەندە ئەمنییەتییەکان.

**کوردستان:** هاتنی ڕۆحانی لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ڕێژیم لە وەرزی بەهاری ئەمساڵدایە، باس لەوە کراوە کە ئەم سەفەرە بۆ پڕۆژەی "خزمەتگوزاری، بەرهەمهێنان و ئابوور"ییە و بۆ ڕەخساندنی هەلی کار، ئەوەش لە کاتێکدایە کە پارێزگای سنە یەکێک لە بێکارترین پارێزگاکانە؟ ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چیە؟

**شاهۆ حوسێنی:** بێگومان ئەو سەفەرە کورتە یەک ڕۆژەیە تەنیا و تەنیا بۆ کردنەوەی هێندیک پڕۆژەیە کە ئەگەر لۆژیکیانە لێکی بدەیەوە هیچ زەرووره‌تێکی نییە سەرۆک کۆمار بێت و بیانکاتەوە. دەشکرێ چەند بەرپرسیکی پارێزگای کوردستان بیانکەنەوە، بەڵام نزیک بوون لەبەرەبەری هەڵبژاردن وای کردوە کە کردنەوەی گەڵاڵەکان جۆرێک پێشبینی بکرێ کە نزیک بێت لە هەڵبژاردن و هەرەوەهاش سەرۆک کۆمار بێت و بیانکاتەوە. بۆیە من ئەو سەفەرە زۆرتر بە سەفەرێکی تەبلیغاتی بۆ هەڵبژاردن دەزانم. ئەگینا شرۆڤەیەکی سادە و چاوخشاندنێک بە ڕێژەی بێکاری و کوژرانی ڕۆژانەی کۆڵبەران کە لەبەر بێکاری، بێ‌داهاتی و نەداری ڕوویان لەو کارە سەختە کردوە، دەیسەلمێنێ کە کوردستان وەک پارێزگا و کورد وەک شارۆمەندێکی دەرجە چەند، بەتەواوی پەراوێز خراوە.

کوردستان: ڕۆحانی دووهەم جارە کە لە ماوەیەکی کورتدا "ئەمسال و ساڵی ڕابردوو" سەفەری بۆ پارێزگای سنە کرد، بەپێی ڕابردووی بەرپرسیارەتی باڵای ئەمنییەتی و سیاسیی ئەم کەسە و خەباتی ئێستای ڕۆژهەڵات، سەفەری ناوبراو لە چ بوارێکدا زیاتر خۆ دەبینێتەوە؟

**شاهۆ حوسێنی:** بێگومان کوردستان لەپاش حزووری بەربڵاوی پێشمەرگە و ئەگەری هەڵگیرسانەوەی خەباتێکی بەربڵاوی چەکداری بۆتە پەرۆشیی بەرپرسان و ناوەندە ئەمنییەتییەکان، بەتایبەتی بۆ حەسەنی ڕۆحانی کە لەگەڵ بناژۆخوازەکان لە ڕکابەریدایە و کوردستان وەک پێگەی سوونەتیی دژە بناژۆخوازی چاوی لێ‌دەکرێ. بۆ حەسەن ڕۆحانی گرینگە کە متمانەی خەڵکی کورد لەدەست نەدات و دەنگەکانی ئەو پارێزگایە دەیسان بۆخۆی مسۆگەر بکاتەوە.

**کوردستان:** ڕۆحانی لە سەفەری پێشووی خۆیدا داوای کردبوو ئەمنییەت و یەکگرتوویی لەو پارێزگایەدا بپارێزن، ئایا بە ناو خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە لە هەوڵەکانی میلیتاریزەکردنی ئەو پارێزگایە نین؟

**شاهۆ حوسێنی:** چەند تایبەتمەندی وەهای کردووە کە کوردستان هەمیشە نسێی ڕوانگە و کردەوەی ئەمنییەتیی بەرپرسانی حکوومیی بەسەرەوە بێت.

**ئەلف**) کورد وەک کەمینەیەکی تێکۆشەر و قەیرانساز بۆ دەسەڵاتی ناوەندی بەدرێژایی مێژوو.

**ب**) هاوسنوور بوونی کوردستان لەگەڵ پارچەیەکی تری دابڕاوی کوردستان کە بەدرێژایی مێژوو ڕێگا و ناوەندێکی گەیشتنی بیر و هزری تازە و مۆدێڕن لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات بووە.

**پ**) جیاوازیی ئایینی دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ ئایینی فەرمیی دەسەڵات و زۆرینەی ئێران بەگشتی.

بۆیە میلیتاریزە کردن و ئەمنییەتی کردنی کوردستان ڕەوتیکی بەردەوامی دەسەڵات بووە.

**کوردستان:** کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا و لە دۆخی ئێستادا شوێنێکی نائەمن بۆ ڕێژیم بووە، بەرپرسانی نیزامی بەردەوام باسیان لە پتەوکردنی سنوورەکان کردووە، پێتان وایە ناوەڕۆکی سەفەری ڕۆحانی ئەم بوارەوەش دەگرێتەوە؟

**شاهۆ حوسێنی:** دیارە هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ئەو سەفەرە سەفەرێکی کورتی یەکڕۆژەیە و ڕۆحانی تەنیا پێ‌ڕادەگات کە چەند گەڵاڵەیەک بکاتەوە، بۆیە من کەمتر بەسەفەرێکی ئیداری وەک سەفەرەکانی پێشووتری دەبنیم و پێموایە سەفەرێکی تەبلیغاتییە.

**کوردستان:** ناوبراو باسی لە هێلی ئاسنین بۆ دەریای "مەدیتەرانە" کردبوو کە بە عێراق و سووریدا تێپەڕ دەبێت. بەپێی بارودۆخی ئابووریی ئێران و دەستێوەردانەکانی ئەم ڕێژیمە لە وڵاتانی دراوسێ، ئەم قسەیە زیاتر چی لە خۆ دەگرێت؟

**شاهۆ حوسێنی:** من پێموایە ئەو گەڵاڵەیە کە باسی لێوەدەکرێ بڕیارە لە باشووری کوردستان ڕا بەرەو سووریە و زەریای مەدیتەرانە بڕوات، لەوە ناچێت کە گەڵاڵەیەکی تۆکمە و کاربۆکراو بێت، من زۆرتر وەک دروشمێکی پێشوەختی هەڵبژاردنی ڕۆحانی دەیبنم، چوونکە ئەو ناوچەیە یەک لەقەیراناویترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە و بە هیچ شێوەیەک هیچ دەسەڵاتێک سەرمایەگوزاری ئاوا ستراتژیکی لەسەر ناکات و ئێران تەنیا و تەنیا تێیدا خەریکی ئاژاوە نانەوە دەبێت و بۆ سەرقاڵ کردنی کورد و هێزی کوردی بۆ نەگەیشتن بەئامانج و دوور بوونەوە لە ئاسۆیەکی ڕوون.

**کوردستان:** بە گشتی ڕای خۆتان لە سەر ئەم سەفەرەی ڕۆحانی بۆ خوێنەرانمان باس بکەن؟

**شاهۆ حوسێنی:** دیارە ئەو سەفەرە بۆ مسۆگەر کردنەوەی سەرلەنوێی دەنگی کورد و پارێزگای کوردستان بۆ حەسەن ڕۆحانیە، ئەگینا من پێموانیە کە ئەو گەڵاڵانەی ڕۆژی شەممە بڕیارە لە کوردستان لە لایەن حەسەن ڕۆحانییەوە بکرێنەوە، هیچ شتیک لە سیمای پەراوێزخراوی ئەو پارێزگایە و بەگشتی کوردستان بگۆڕن، کوردستان پێویستی بە خزمەت و گەڵاڵەی زۆر ستراتژیک و گەورە هەیە کە لانیکەم بتوانێ بڕێک لەو هەڵاواردنانەی زیاتر لە سێ دەیەیی ڕابردوو قەرەبوو بکاتەوە، بە گوێرەی ئامارێکی فەرمی کە دراوە، بڕیارە ئەو گەڵاڵانە هەلی کار بۆ ٦٠٠٠ هەزار کەس دابین بکەن، کە بێگومان ئەو ئامارە زێدەڕۆیی زۆری تێدا کراوە و حەسەن ڕۆحانی بەهۆی گوشارەکانی ڕێبەری لەمەر سەرکەوتوو نەبوونی لە دابین کردنی هەلی کار، پێویستی بەو ئامارانە هەیە.

بەشی یەکەم

# گرێچنی هونەر و شۆڕش

## هونەرمەند قادر ئەلیاسی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ژووری پێشمەرگە و ڕاسان - ئەدەب و هونەر

دیمانە: هیوا میرزایی

ئامادە کردنی: سارا پارسا

هونەرمەند قادر ئەلیاسی، لەدایکبووی ناوچەی زەهاو، یەکێک لەو کەسایەتیيە هونەرییانەیە کە ساڵانێکی دوور و درێژە توانیویە گرێچنێک لە هونەر و شۆڕش پێکەوە پێشکەش بە ئۆگرانی دنیای شۆڕش و هونەر و بە تایبەتی هونەری بەرگری بکات. بەڕێزیان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ژووری پێشمەرگە و ڕاسان وەڵامی چەند پرسیارێکی بەڕێوەبەرانی ئەو ژوورە تێلێگرامییە دەداتەوە. کە لێرەدا سەرنجی خوێنەرانی لاپەڕەی ئەدەب و هونەری بۆ ڕادەکێشێن.

**بەڕێز کاک قادر ئەلیاسی جەنابت لە ساڵی چەند و چۆن بوو هاتیتە نێو دونیای هونەر و گۆرانی وتن؟**

زۆر جار باس دەکرێت، کەسیک کە دەنگی بۆ ئەوە دەبێت گوێی لێ بگیرێت هەر لە منداڵییەوە دیارە. منیش لەماڵی خۆمانەوە لە ژێر ساباط یان لە ژێر کەپری دەنگی باوکم کە دەنگی خۆش بوو، لە بنەماڵەیەکدا کە گۆرانیی پێ حەرام نەبوو، دەتوانم بێژم هەر لە منداڵییەوە دەستم کرد بە گوێ گرتنی گۆرانی و گۆرانی وتن. دواتریش چالاکییەکانی قوتابخانەکان. پێش لە مەدرەسە دەستم پێ کرد و ئەکرێ بێژم لە سەردەمی مێرمنداڵیشمدا، واتە سەرەتای ١٩٧٠ یا ١٣٤٩، ئەو کات تەمەنم لە بەینی ١١بۆ ١٢ ساڵ بووە، لەو تەمەنەدا ئەتوانم بێژم بە هاوکاریی مامۆستای کۆچ کردوو یەدوڵڵا ڕەحمانی سێ گۆرانیم تۆمار کرد لە کرماشان.

**سەردەمی چالاکیی هونەریی جەنابت لە کاتی مێرمنداڵی و ئەو سەردەمەدا چۆن بوو و چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئێستادا هەیە؟**

ئەو کاتەی کە من دەستم کرد بە گۆرانی وتن، ئەتوانم بێژم لەو پەڕی دەستەنگیدا و لەو پەڕی بێدەرەتانیی هونەردا بووین. مووزیسییەنێکی وا لە شاری سەرپێڵی زەهاو و لەو دەوروبەرەدا دەست نەدەکەوت، ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ خۆم منداڵی بنەماڵەیەکی هەژار بووم. هاوینان کە لە چالاکیی قوتابخانەکان هەڵئەبڕایین دەبوا بچوایەتین بۆ ئۆردوگای ڕامسەر یان ئۆردووی ڕامسەر لە باکووری ئێران، دەبوو من یا کرێکاری بکەم یا کاری کشتوکاڵ، و بەگشتی دەبوو لە لادێ یارمەتیی ماڵەوەم بدایەت. بەگشتی دەتوانم بێژم ژیانی ئەو کاتە و هونەری ئەو کاتە تێکەڵاوێک بوون لە ئەوپەڕی بێدەرەتانی. ئەگەر بڵێم جیاوازیی لەگەڵ ئێستا چییە، دنیای ئێستا دنیای دیجیتاڵییە، دنیای ئینتێرنێت و ڕاگەیاندنەکانە و ئەوانە بە شێوەیەکی وەها ئەوتۆ دنیایان بچووک کردووەتەوە کە ئەتوانم بێژم جیاوازییەکان زۆرن، ئاسمان و زەوی جیاوازییان هەیە. ئەو کاتە هیچ کەرەستەیەکی تۆمار کردنی دەنگ کە بتوانیت کاری پێبکەیت و بەردەست بێت، بوونی نەبوو، ئێستا دەیان کەرەستەی تێکنیکیی تایبەت بە دەنگ و دەیان دەنگ و ڕەنگی جۆراوجۆر لەبەردەستایە بۆ فێر خوازێک کە بتوانێت کاری هونەری بکات.

**جنابت لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و خەباتی حەقخوازانەی گەلی کوردەوە سەرەڕای ئەوەی کە کەسێکی هونەرمەند بووی، بەڵام چەکی شەرەفت لە شان کرد و بوویت بە پێشمەرگە. سەرەتا پێمان بڵێن پێشمەرگەی کام حیزب بوون و بۆچی پێشمەرگایەتیتان هەڵبژارد؟**


لە ڕاستیدا پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتاڵان بردنی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، من هەستم کرد کە ناتوانم بەرانبەر ئەو بارودۆخەی کە بەسەر وڵاتەکەمدا و بەسەر گەلەکەمدا سەپاوە، بێدەنگ بم. ڕەنگە بمتوانیبا بە هونەر دەربیبڕم، بەڵام ئەو کاتە، هونەرێکی ئاوا لە مندا هونەرێکی کرچ و کاڵ دەبوو. ئەوە لەلایەک، لایەکی دیکەشەوە هونەرمەندێک کە لەگەڵ دەنگی پێشمەرگە بکەوێت واتە بکەوێتە هاودەنگی لەگەڵ پێشمەرگە و لەگەڵ خەبات، ئەوە لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا جێگای نابێتەوە. بۆیە لەساڵی ١٣٦٠ هەتاوی کە ٨١ی زایینی دەکات من بووم بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە هێزی شاهۆ و دواتر لە هێزی داڵاهۆ و پاشان مەڵبەندی یەک و کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی سازمان درام و ئەتوانم بێژم لە سەردەمی پێشمەرگایەتیمدا ڕۆشتوم بۆ زۆربەی شوێنەکانی کوردستان. پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووم و بە شانازییەوە ئێستاش خۆم بە ئەندامێکی بچووکی ئەو حیزبە دائەنێم. لەگەڵ ئەوەیکە هونەر لەگەڵ پێشمەرگایەتیدا لە هەندێ شوێنەوە یان لەگەڵ حیزبایەتیدا لە هەندێ شوێنەوە یەک ناگرنەوە، بەڵام کە ئەچمە سەر شانۆ کاری هونەری ئەکەم، کە هاودەنگ ئەبەم لەگەڵ هاوڕێکانمدا، بێگومان ئەندامێکی حیزبم کە بۆ مافی گەلێک خەبات دەکات، بێگومان ئەو هونەرەش کە من بانگەشەی بۆ دەکەم دەبێ لەگەڵ مافەکان و ئامانجەکانی گەلەکەمدا خۆی بگرێتەوە و حیزبی دێموکراتیش بە حیزبێکی دەمڕاستی ئەو خەباتە دەزانم و تا ئێستاش شانازیی ئەندامەتی لەم حیزبەمدا هەیە.

**مامۆستا گیان زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە سیاسەت زەبر لە هونەر ئەدا، ئایا جەنابیشت لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هەیت؟**

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، لەبیرم چوو بڵێم کاسێتێکی سروود و گۆرانیم بە دەنگ و بە مێلۆدییەکی منداڵانە لەگەڵ کەسێکدا کە ئەو کاتە بە دیل گیرابوو تۆمار کرد لە بنکەکاندا. دواتریش کەوتە دەستی بەشێک لە پێشمەرگەکان و دەست بە دەست ئەگەڕا و بۆخۆم بە بەرهەمێکی سەربەخۆم نەزانیوە و نایزانم، بەڵام بە هەرحاڵ ئەوەم لە بیر چوو باسی کەم. لەسەر ئەوەی کە سیاسەت زەبر لە هونەر دەدات یان نە، من باوەڕم وا نییە ئەگەر هونەر هونەرێکی سەربەخۆ بێت واتە بتوانێت وەک هونەر ڕوانگەیەکی بەرچاوڕوونی هەبێت، ئەتوانێت هەندێ جاریش لەگەڵ سیاسەتیش یەک بگرێتەوە، بەڵام ئەو سیاسەتە چ سیاسەتێکە کە زەبر لە هونەر ئەدات؟ سیاسەتێکە کە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیی هەبێت، سیاسەتێکە کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بێت، سیاسەتی وڵاتانی داگیرکەر بێت. بێگومان ئەوە زەبر لە هونەر و مافی نەتەوەکە یان گەلانی ئەو ناوچەیە بە گشتی ئەدات، بەڵام من پێم وایە سیاسەت ئەگەر لە خزمەتی کۆمەڵگادا بێت، ئەتوانێت ببێت بە پاڵپشتێک بۆ هونەریش، بۆئەوەی هونەر و هونەرمەند لە پاڵ ئەو سیاسەتەدا گەشە بکات. من لێرە سیاسەت مەبەستم شێوەی سیستمی دەسەڵاتداریی ئەو وڵاتەیە، بۆیە ئەگەر لە بیین سیاسەت وەکوو دەسەڵات چاوی لێ بکەین، بێگومان ئەو دەسەڵاتە ئەگەر خەڵکی بێت و لەگەڵ ئامانج و ویستی خەڵکدا یەک بگرێتەوە هونەریش لە پاڵ ئەو سیاسەتەدا ئەتوانێت گەشە بکات. بەڵام ئەگەر سیاسەتێکی سەرەڕۆ و پڕ لە زەبروزەنگ بێت و دیکتاتۆری بێت، بێگومان نەک زەبر لە هونەر ئەدات، هەر ئەو جۆرە کە باسمان کرد زەبر لە هەموو پیرۆزییەکانی دیکەش ئەدات. هونەری سەربەخۆ کە ئەگەر دوایی بینەوە باسی بکەین لە چ کاتێکدا هونەری سەر بەخۆیە، لە چ کاتێکدا هونەر و سیاسەت لەگەڵ یەک تێکەڵ بکرێن، هەندێ چەمک و دەستەواژە هەن کە ئەگەر کات هەبێت باسیان دەکەم.

**باستان لە کارە هونەرییەکانتان لەسەردەمی مێرمنداڵی کرد و فەرمووتان بە هۆی بەرپرسایەتی لە سەردەمی پێشمەرگایەتی مەجالی کاری هونەریتان کەم بووە، پرسیارەکەم ئەوەیە کە لە چ کات و سەردەمێکدا سەر لەنوێ گەڕانەوە بۆ کاری هونەری و بەرهەمی ئەو ساڵانە چ بووە؟**

ئەتوانم بێژم، یەکەمین بەرهەمی تۆمار کراوم کاسێتی "دەردی دووری" بوو لە ساڵی ١٩٩٥ی زایینیدا کە دەکاتە ٧٤ی هەتاوی. ئەو کاسێتەم بە هاوکاری و پشتیوانیی مامۆستای خۆشەویستم مامۆستا "ڕەشیدی فەیزنژاد" ناسراو بە "ڕەشیخان" و هەروەها هاوڕێیەکی دیکەم بە ناوی "جاوید حسێینیڕاد" کە فارسە و خەڵکی ئیسفەهانە و دانیشتووی وڵاتی نۆروێژە هێنایە بەرهەم و کایە و دوای ئەوەش ئەتوانم بێژم بەرهەمەکانی دیکەم یەک لە دوای یەک تۆمار کرد. ئەو کاسێتە دەستپێکی کاریی تۆمار کراوی من بوو، وەکوو کارێکی تۆمار کراو، وەکوو کارێکی سەربەخۆ. لە پێشتریش لە یەکەم پرسیاردا گوتم؛ من سێ گۆرانیم لە وێستگەی کرماشان یان ڕادیۆ دەنگی کرماشان لە کاتی خۆیدا تۆمار کردووە، بەڵام ئەو سێ گۆرانییەم فۆلکلۆر بوون و ئەوە بە کاری سەربەخۆ دانانێم. بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەم بە کۆنکرێتی دابێتەوە، یەکەمین بەرهەمی هونەریم ١٩٩٥ی زایینی بووە بە ناوی "دەردی دووری" کە بە شێوەی کاسێت بوو.



مەرەخەسی زیندانی سیاسی



«شێرکۆ بێکەس»

کە لاشەی ساردی چوارچرا
وەکوو هێشووی سەرما بردوو
لە سێدارە کرانەوە
دار.. بەجێ ما
هەزارانی ساباڵخ بردیان
زستانیش بوو نەیانسووتان
سەرمایشیان بوو نەیانسووتان
لەو دارانە.. لەو تەختانە
چوار بێشکەی سووریان دروست
کرد
لەو ڕۆژەوە هەتا ئەمڕۆ
ئەو لانکانە
هەر ئەگەڕێن
ئەم ماڵ.. ئەو ماڵ
ئەم دەست ئەو دەست
وەریان ئەگرن
ئەی نابینی هەزاران
قازی محەممەد
لەسەر لووتکە وەستاون
و
چەک هەڵئەبڕن؟!

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan · No:698 4 april 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگایانە



